DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi10.342

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ئاستی سوودوەرگرتنی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوە میدیاییەکان لە تیۆرییە میدیاییەکان

## (توێژینەوەیەکی رووپێوییە)

رەنج ئازاد ڕەشید ئەفەندی

ranj.rashid@univsul.edu.iq

پ. ی. د. لانە صابر محەمەد سەعید

lana.muhammad@univsul.edu.iq

بەشی راگەیاندن - پەیوەندیی گشتی - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان - زانکۆی سلێمانی - هەرێمی کوردستان \ عێراق

**پوختە:**

ئـەم توێژینـەوە زانسـتییە، کاری لەسـەر بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییـەکان کـردووە، کێشـە و پرسـیارە سەرەکییەکەشـی، هەڵسـەنگاندن و دۆزینـەوەی ئاسـتی سـوودوەرگرتنی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییەکانـە لـە تیۆرییـە میدیاییـەکان لـە میانـی بەجێگەیاندنـی ئەرکـە میدیاییەکانـدا. توێژینەوەکـە لـە جـۆری چەندێتییـە (کمـي) و بـە میتـۆدی وەسـفیی رووپێویـی کاری لەسـەر کـراوە، نموونەپشـکنینی ناهەڕەمەکیـی مەبەسـتدار بەکارهاتـووە و بەرپـرس و کارمەندانـی پەیوەندیـی گشـتیی ١٢ دامـەزراوەی میدیایـی هەرێمـی کوردسـتان، (تـۆڕی میدیایـی کوردسـات، کەناڵەکانـی KNN، NRT، گەلـی کوردسـتان، کوردسـتان TV، کوردسـتان ٢٤، کەرکـوک، وار TV، پەیـام، سـپێدە، مەکتەبـی ڕاگەیاندنـی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەکتەبی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان)، بوونەتە بەرتوێژی توێژینەوەکە، فۆڕمی راپرسی وەکو ئامرازی توێژینەوە بەکارهاتووە بۆ دەستخستنی وەڵام و ئامار، هەروەها بە ڕێکارە زانستییەکان و بەرنامەی (SPSS) ئەنجامەکان دەرکراون، لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: بەشداریی بەشی پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکان لە جێبەجێکردنی ئەرکە میدیاییەکانی وەکو (ڕوومـاڵ و هەڵمەتـی هەواڵـی) و هەروەها (بەرنامەکان)، بەشدارییەکی لاوازە، ٤٢.٥٪ی بەرتوێژان دەڵێن پەیوەندیی گشتی بەشداری لە ئەرکی (ڕووماڵ و هەڵمەتی هەواڵی)دا ناکات و ٤٠٪یان دەڵێن لە بەرهەمهێنانی بەرنامەکاندا بەشدار نین. ئەنجامێکی تری دەستخراو ئەوەیە کە بەشی پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکان زیاتر سەرنجیان لەسەر ئەرکە پرسگەییەکان و پەیوەندیکردن و پێشوازیکردنە لە میوانان، ٩٢.٥٪ی بەرتوێژان دەڵێن ئەرکە پرسگەییەکان کاری سەرەکیی بەشەکانی پەیوەندیی گشتییە، نەک ئەرک و کارە میدیاییەکان. هەروەها بەشی پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکان، لە جێبەجێکردنی ئەرکە میدیاییەکانی (ڕووماڵ و هەڵمەتی هەواڵی) و هەروەها (بەرنامەکان)، وەک پێویست سوود لە تیۆرییە میدیاییەکان وەرناگرن و ئاراستەی وەڵامی ٥٢.٥٪ی ی بەرتوێژانی پەیوەندیی گشتییە، لەکاتێکدا ٥٥٪ی بەرتوێژانی پەیوەندیی گشتی دەڵێن، دامەزراوە میدیاییەکانیان سوود لە تیۆرییە میدیاییەکان وەرئەگرن لە کارە میدیاییەکانیاندا.

**کلیلە وشەکان : پەیوەندیی گشتیی – دامەزراوە میدیاییەکان – تیۆرییە میدیاییەکان – تیۆری کاریگەریی**

Recieved: 6/9/2023
Accepted: 16/9/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

بەشێکی زۆری ئەو توێژینەوانەی پێشتر کاریان لەسەر پەیوەندیی گشتیی لە دامەزراوە میدیاییەکاندا کردووە، سەرنجی زیاتریان لەسەر ئەرک و چالاکیی پەیوەندیکردن (اتصال) بووە و شیکردنەوەیان بۆ شێوازەکان و ئامرازە بەکارهاتووەکانی پەیوەندیکردن کردووە، کەمتر بەلای پرسە میدیاییەکاندا چوون، لەکاتێکدا ئەرکی سەرەکیی دامەزراوە و کەناڵە میدیاییەکان و چالاکییە بنەڕەتییەکەی، ڕاگەیاندنە، بە ئامانجی ئاراستەکردن و دروستکردنی کاریگەری لەسەر جەماوەر، بۆیە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە و سەرباریی زانستییەکەی لەوەدایە، کە پەرپێوەتەوە بۆ ئەرکێکی کاریگەرتری پەیوەندیی گشتی لە دامەزراوە میدیاییەکاندا، کە ئەویش ئەرکە میدیاییەکانی وەکو هەواڵ و بەرنامەکانە و لەو چوارچێوەیەشدا ئاستی بەکارهێنان و سوودوەرگرتنی بەشەکە لە تیۆرییە میدیاییەکان لە میانی بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە میدیاییانە.

بۆشاییەک، کە توێژینەوەکانی پێشوو کەمتر بەلایدا چوون و ئەم توێژینەوەیە توانیوێتی پڕیبکاتەوە، دیاریکردنی کۆمەڵێک ئەرکی میدیاییە، کە پێویستە لەسەر بەشی پەیوەندیی گشتی لە دامەزراوە میدیاییەکاندا جێبەجێیان بکات، ئەرکگەلێک، لەگەڵ ئەوەی بەشێک لە سەرچاوە زانستییەکان ئاماژەیان پێداوە و کاری سەرەکین لە چوارچێوەی دامەزراوە میدیایەکاندا، بەڵام توێژینەوەکانی پێشوو ئاوڕیان لێنەداوەتەوە.

گریمانە و پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی بەشداریی بەشی پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکانە لەو ئەرکە میدیاییانەدا و لەوێشەوە ئاستی سوودوەرگرتنیەتی لە تیۆرییە میدیاییەکان، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی پێوەر و بنەما زانستییەکاندا ئەو ئەرکە میدیاییانە جێبەجێ بکات، بۆیە تایبەتمەندیی توێژینەوەکە و ئەوەی لە توێژینەوەکانی پێشوو جیائەکاتەوە، ئەوەیە کە بەشی پەیوەندیی گشتی ئەخاتە بەردەم ئەرک و بەرپرسیارێتیی زیاتری میدیاییەوە و لە چوارچێوەی بەرتەسکی کارە پرسگەییەکان و پەیوەندیکردن و پێشوازیکردن لە میوانان ئەیهێنێتە دەرەوە، تەواوی ئەو ئەرکە میدیاییانەش ڕوونکراونەتەوە کە ئەکرێت پەیوەندیی گشتی جێبەجێیان بکات.

ئەوەی تایبەتە بە پلانی توێژینەوەکە، لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تایبەتە بە میتۆدنامەی توێژینەوەکە و تیایدا (کێشەی توێژینەوە، گرنگیی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، کۆمەڵگە و مشت و ئامرازی توێژینەوە، پێناسەی چەمکەکان) خراونەتە ڕوو.

بەشی دووەم تیۆرینامەی توێژینەوەکەیە و (پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە میدیاییەکاندا) و هەروەها (تیۆرییە میدیاییەکان) باسکراون.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکەش چوارچێوەی پراکتیکیی توێژینەوەکە و خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەیە.

دواتر گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە بە چەند خاڵێک خراونەتەڕوو، هەروەها توێژەر ژمارەیەک ڕاسپاردەی بۆ دامەزراوە میدیاییەکان و خودی بەشی پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکان خستووەتە ڕوو، کە ئەکرێت ببنە هۆکار بۆ بەشداریی کاراتری پەیوەندیی گشتی لە ئەرکە میدیاییەکاندا و هەروەها توانای سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی زیاتری تیۆرییە میدیاییەکان.

جێی ئاماژەیە، لە توێژینەوەی ماستەرنامەکەدا تیۆرییە میدیایی و سۆسیۆلۆژییەکان بەکارهاتوون بۆ پێوانەکردنی ئاستی بەکارهێنانیان لەلایەن بەشی پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکانەوە لە پێنج کار و ئەرکی سەرەکیی میدیاییدا، بەڵام بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم کورتە توێژینەوەیە لە گۆڤاری زانستیدا، توێژەر بە ناچارییەوە تەنها

ئامـاژەی بـە ئاسـتی بەکارهێنانـی تیۆرییـە میدیاییـەکان داوە و تەنهـا دوو ئەرکـی سـەرەکیی میدیاییـش باسـکراون، کـە بریتیـن لـە (هەڵمـەت و رووماڵـی میدیایـی، بەرنامـە).

## میتۆدنامەی توێژینەوە:

١. کێشەی توێژینەوە:

هەنـگاوی یەکەمـی هـەر توێژینەوەیەکـی زانسـتیی، دیاریکردنـی کێشـەیەکە، کـە پێویسـتی بـە وەسـفکردن و شـیکردنەوە و چارەسـەر هەیـە، کێشـەی سـەرەکیی ئـەم توێژینـەوە زانسـتییەش بریتییـە لـە (ئاسـتی سـوودوەرگرتنی پەیوەندیـی گشـتییەکانی دامـەزراوە میدیاییـەکان لـە تیۆرییـە میدیاییـەکان).

توێژەر کێشەی توێژینەوەکە بە چەند پرسیارێك ئەخاتەڕوو:

١. تـا چەنـد بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییـەکان لـە ئەرکـە میدیاییەکانـدا تیۆرییـە میدیاییـەکان بەهەنـد وەرئەگـرن؟

٢. خـودی کەناڵـە میدیاییـەکان لـە دروسـتکردن و پەخشـکردنی ناوەڕۆکـە میدیاییەکانـدا تیۆرییـە میدیاییـەکان بەهەند وەرئەگرن؟

٣. لە کەناڵە میدیاییەکاندا بەشداری بە بەشی پەیوەندیی گشتی ئەکرێت لە ئەرکە میدیاییەکاندا؟

٢. گرنگیی توێژینەوە:

١.٢- گرنگیـی زانسـتیی: بـە حوکمـی ئـەوەی پەیوەندییـە گشـتییەکان کاری سـەرەکیی لەگـەڵ جەماوەردایـە (ناوخۆیـی و دەرەکیـی)، بۆیـە گرنگـە لـە رووی تیۆرییـەوە ببەسـترێتەوە بـە زانسـتی میدیـاوە، کـە ئەویـش سـەروکاری سـەرەکیی لەگـەڵ جەمـاوەر و کۆمەڵگەدایـە، ئەمـەش وائـەکات کـە بەسـتنەوەی پەیوەندیـی گشـتی بـە زانسـتی میدیـاوە و تێکهەڵکێشـانی تیۆریـی هـەردوو زانستـەکە، لـە رووی ئەکادیمیایـی و زانسـتییەوە بـۆ خزمەتگەیانـدن بـە پەیوەندیـی گشـتی، گرنگیـی خـۆی هەبێـت، ئەمـە جگـە لـەوەی لـە رووی ئەکادیمیشـەوە لـە هەرێمـی کوردسـتان هیـچ توێژینەوەیـەك نەکـراوە بـۆ بەسـتنەوەی پەیوەندیـی گشـتیی بـە تیۆرییەکانـی زانسـتەکانی تـروە.

٢.٢- گرنگیـی پراکتیکـی: گرنگیـی توێژینەوەکـە لەوەدایـە کـە ئەکرێـت کۆمەکـی دامـەزراوە و کەناڵـە میدیاییـەکان و بەشـەکانی پەیوەندیـی گشـتی بـکات و ببێتـە رێنیشـاندەری چۆنێتیـی پشتبەسـتن بـە تیۆرییـە جیاوازەکانـی میدیـا لەکاتـی بەجێگەیاندنـی ئەرکـە میدیاییـەکان و دروسـتکردن و بەرهەمهێنانـی ناوەڕۆکـی میدیاییـدا، بەمەبەسـتی دەستخسـتنی باشـترین ئەنجامـەکان و کاریگەریخسـتنە سـەر زۆرتریـن جەمـاوەر، ئەمـە جگـە لـە هاندانـی دامـەزراوە میدیاییـەکان بـۆ بەشـداریپێکردنی زیاتـری پەیوەندیـی گشـتی لـە ئەرکـە میدیاییەکانـدا و هەروەهـا هاندانـی خـودی بەشـی پەیوەندیـی گشـتی بـۆ ئـەوەی دەستپێشـخەریی زیاتـری هەبێـت بـە ئاراسـتەی بەشـداریکردن لـە ئەرکـە میدیاییەکانـدا.

٣. ئامانجی توێژینەوە:

١. بەستنەوەی تیۆرییانەی پەیوەندیی گشتی بە زانستی میدیاوە.

٢. دەرخسـتنی ئاسـتی جێبەجێکردنـی ئەرکـە میدیاییـەکان لەلایـەن بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییەکانـەوە.

٣. زانینـی ئاسـتی سـوودوەرگرتن و بەهەندوەرگرتنـی بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکانی دامـەزراوە میدیاییـەکان لـە

تیۆرییـە میدیاییـەکان لـە بەجێگەیاندنـی ئەرکـە میدیاییەکانـدا.
٤. دەرخسـتنی ئاسـتی بەهەندوەرگرتنـی تیۆرییـە میدیاییـەکان لەلایـەن خـودی کەناڵـە میدیاییـەکان و بەشـەکانی تـروە لـە درووسـتکردن و پەخشـکردنی ناوەڕۆکـە میدیاییەکانـدا.
٤. کۆمەڵگە و مشت و ئامرازی توێژینەوە:
کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە کەنـاڵ و دامـەزراوە میدیاییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان، لـەو ناوەنـدەدا هەریەکە لـە دامـەزراوە و کەناڵەکانـی (تـۆڕی میدیایـی کوردسـات، کەناڵەکانـی NRT، KNN، گەلـی کوردسـتان، کوردسـتان TV، کوردسـتان ٢٤، کەرکـوک، وار TV، پەیـام، سـپێدە، مەکتەبـی ڕاگەیاندنـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، مەکتەبـی ڕاگەیاندنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) ڕەزامەندیـی بەشـدارییکردنیان لـە توێژینەوەکـە دەربڕی و بوونـە کۆمەڵگەی توێژینەوەکـە، نموونـە پشـکنینی توێژینەوەکـەش بریتییـە لـە بەرپـرس و کارمەندانـی بەشـەکانی پەیوەندیـی گشـتیی لـەو کەنـاڵ و دامـەزراوە میدیاییانـە، شـێوازی هەڵبژاردنـی نموونـە پشـکنینی توێژینەوەکـەش کۆمشـت – الحـصر الشـامل بـوو بـۆ کـۆی بەرپـرس و کارمەندانـی بەشـەکانی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە و کەناڵـە میدیاییـەکان، فۆڕمـی ڕاپرسـی وەکـو ئامـرازی کۆکردنـەوەی زانیاریـی و داتـا بەکارهێـنرا و دابەشـکرا بەسـەر بەرپـرس و کارمەندانـی بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییەکانـدا، ٤٧ فۆڕمـی ڕاپرسـی دابەشـکران، ٤٣ فۆڕمیـان گەڕانـەوە و ٤٠ فۆڕمیـان شـیاوبوون بـۆ شـیکردنەوە.

٥. پێناسەی چەمکەکان :
أ. ئاسـتی سـوودوەرگرتن : لـەم توێژینەوەیـەدا مەبەسـت لـە ئاسـتی سـوودوەرگرتن، ئاسـتی پشتبەسـتن و بەکارهێنـان و بەهەندوەرگرتنـی تیۆرییـە میدیایـی و سۆسـیۆلۆژییەکانە لەلایەن بەشـی پەیوەندیی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییەکانەوە، لـە چوارچێـوەی جێبەجێکردنـی کار و ئەرکـە میدیاییەکانـدا، بـەو مانایـەی، پەیوەندیـی گشـتی لەکاتـی جێبەجێکردنـی هـەر ئەرکێکـی میدیاییـدا تاچەنـد کار بـە تیۆرییـە میدیاییـەکان ئـەکات.
ب. پەیوەندیـی گشـتی : هونـەری بنەمـاداری زانسـتییە بـۆ دۆزینـەوەی گونجاوتریـن شـێوازەکانی مامەڵەکردنـی دوولایەنـەی سـەرکەوتوو لەنێـوان دامـەزراوە و جەمـاوەرە ناوخۆیـی و دەرەکییەکـەی بـۆ دەستخسـتنی ئامانجـەکان، بـە ڕەچاوکـردن و پاراسـتنی بەهـا و پێـوەرە کۆمەڵایەتییـەکان و یاسـاکان و ڕەوشـتی گشـتیی کۆمەڵگـە. (الجرایـدة، ٢٠١٣، ل ٣٣)
ت. دامـەزراوە میدیاییـەکان : ئـەو دامـەزراوە و ئۆرگانانـەن کـە گرنگـی ئـەدەن بـە بڵاوکردنـەوەی هـەواڵ و بابـەت و ناوەڕۆکـە میدیاییـەکان و گەیاندنـی بـە جەمـاوەر، ئەویـش بـە بەکارهێنانـی ئامـرازە میدیاییـەکان، کـە پرۆسـەی پەیوەندیکـردن – الاتصـال تیایـدا فـراوان و جەماوەرییـە (الاتصـال الجماهیـری). (عـزت، ١٩٩٤، ل ٢٠)
ث. تیۆرییـە میدیاییـەکان : ئـەو گریمانـە زانسـتییانەن کـە توێـژەران پێیگەیشـتوون و ئـەو ڕاسـتیی و بنەمایانـەن کـە لـە لێکۆڵینـەوە کردەکییەکانـەوە هەڵێنجـراون، سرووشـتی کارلێکـی نێـوان پێکهاتەکانـی پرۆسـەی میدیایـی و ئـەو هێزانـەی پرۆسـەکە کۆنترۆڵئەکـەن، ڕوون ئەکاتـەوە، ئەمـە جگـە لـە ڕوونکردنـەوەی ڕۆڵـی ئامرازەکانـی میدیـا لـەو پرۆسـەیەدا. (المشـاقبة، ٢٠١٥، ل ٧١)
لـەم توێژینەوەیـەدا، هەریەکـە لـە تیۆرییـە میدیاییەکانـی (کاریگـەری، بەکارهێنـان و تێرکـردن، بایەخبەنـدی و پەیوەنـدی بـە دوو قۆنـاغ) دیاریکـراون بـۆ پێوانەکردنـی ئاسـتی بەکارهێنانیـان لەلایـەن پەیوەندیـی گشـتییەوە لـە

کاتـی جێبەجێکردنـی ئەرکـە میدیاییـەکان، بـەو پێیـەی ئـەم تیۆرییانـە پەیوەسـتییەکی زۆریـان بـەکاری پەیوەندیـی گشـتیی و خـودی دامـەزراوە مدیاییەکانـەوە هەیـە و تیۆرگەلێکـن کـە ئەکرێـت لـە رووی پراکتیکـی و کاری رۆژانـەی میدیایـی و پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییەکانـەوە، بەکاربهێنرێـن و سـوودیان لـێ وەربگیرێـت بۆ دەستخسـتنی ئامانجـەکان بـە باشـترین و کاریگەرتریـن شـێوە.

## تیۆرینامەی توێژینەوە:

یەکەم : پەیوەندیی گشتیی لە دامەزراوە میدیاییەکاندا

لەگـەڵ ئـەوەی بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی لـە هـەر دامەزراوەیەکـدا بەشـێکە لـە پەیکـەری رێکخسـتەی دامەزراوەکـە، بـەڵام تـەواوی کار و چالاکییەکانـی بەشـەکە تەنهـا رەهەنـدی کارگێڕییـان نییـە و تەنهـا ئەرکـە کارگێڕییەکانـی وەکـو پلاندانـان، رێکخسـتن، ئاراسـتەکردن و چاودێریـی جێبەجـێ نـاکات، بەڵکـو بەشـێکی گرنگـی ئەرکەکـەی پەیوەسـتە بـە پرۆسـەی پەیوەندیکردنـەوە – الاتصـال. (رشـوان، ٢٠٠٣، ل ١٥٠)، کرۆکـی پرۆسـەی راگەیانـدن و میدیـاش، هـەر لەسـەر پرۆسـەکانی پەیوەندیکـردن – اتصـال و پەیوەندیگرتـن – تواصـل بونیـاد ئەنرێـت و کاردەکات بـۆ گەیاندنـی زانیاریـی و پەخشـکردنی لـە فراوانتریـن مـەودای لەتوانابـوودا، بۆیـە کاری میدیـا و پەیوەندیـی گشـتیی، پرۆسـەی پەیوەندییکـردن تیایانـدا خاڵـی هاوبەشـە، کـە تیایـدا لـە رێگـەی ئامرازەکانـی گەیانـدن و پەیوەندییکردنـی جەماوەرییـەوە پەیـام بـۆ جەماوەرێکـی فـراوان و جۆراوجـۆر ئەنێررێـت، ئەمـەش بـە مەبەسـتی درووسـتبوونی کارلێکێکـی ئەرێنیـی. (محمـد، ٢٠٠٥، ل ٥٢)

لـەو ناوەنـدەدا کۆمەڵـەی پەیوەندیـی گشـتیی ئەمریکایـی هەشـت ئەرکـی سـەرەکیی بـۆ بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی دیاریکـردووە، کـە بەشـێکیان ئەرکـی میدیاییـن و ئەکرێـت لـە دامـەزراوە میدیاییـەکان و هـەر دامەزراوەیەکـی تـردا بەشـەکە جێبەجێیـان بـکات، وەک، نووسـینی راپـۆرت و راگەیەنـدراوە رۆژنامەوانییـەکان، نووسـینی دەقـی بەرنامـە رادیۆیـی و تەلەفزیۆنییـەکان، نووسـینیناملکـە و وتـارەکان، بەرهەمهێنانـی بابەتـە رۆژنامەوانییـەکان، نووسـینی گوتـار و دیالۆگـی فیلمـەکان. (الفتـلاوی و الجبـوری، ٢٠١٦، ل ١٣٤ + ١٣٥)

هـەر لـە چوارچێـوەی ئەرکەکانـی پەیوەندییـە گشـتییەکان، (بەرێوەبردنـی هـەواڵ و میدیـا) ئەرکێکـی لەپێشـینەی بەشـەکەیە، کـە ئەچێتـە خانـەی ئەرکـی میدیاییـەوە و ئەکرێـت ئەرکەکـە بەمشـێوەیە ریزبەنـد بکرێـت: (البطریـق، ٢٠١٧، ل ٢٨) و (الجبالـی، ٢٠١٦، ل ٢٥٣)

١. بەرێوەبردنـی هـەواڵ، دۆزینـەوەی هـەواڵ و درووسـتکردنی هەواڵـی پرنـاوەرۆک، بۆیـە پێویسـتە کارمەنـدی پەیوەندییـە گشـتییەکان کارامەیـی لـە دارشـتنی هەواڵـدا هەبێـت.

٢. ئامائەکـردن و نووسـینی بڵاوکـراوەکان، لـە نموونـەی گۆڤـار، ناملکـە و برۆشـەری ریـکلام و گەیاندنیـان بـە دەزگا میدیاییـەکان و جەمـاوەر.

٣. رووماڵکردنـی هەڵمەتـە جیاجیاکانـی دامـەزراوە، ئامائەکردنـی وتـار و رێکخسـتنی چاوپێکەوتـن و کۆنگـرەی رۆژنامەوانـی.

ئەوانـەی باسـکران ئەرکـی میدیایـی بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی بـوون لـە دامـەزراوە جیاوازکانـدا، ئەکرێـت گرنگتریـن ئەرکەکانـی پەیوەندیـی گشـتی لـە کەنـاڵ و دامـەزراوە میدیاییەکانـدا بـەم شـێوەیە دیـاری بکرێـن: بڕوانـە ئـەم سـەرچاوانە : (الجرایـدة، ٢٠١٣، ل ١٤٨)، (الحـربي، ٢٠١٢، ل ٤١)، (غریـب، ٢٠٠٤، ل ٢٦)، (الفتـلاوی و الجبـوری، ٢٠١٦،

ل ١٣٣)، (کشـك، ٢٠١٠، ل ٤٨)

١. بەشداریکردن لەگەڵ بەش و یەکەکانی تری دامەزراوەکەدا لە ئامائەکردنی ناوەڕۆک و بەرهەمە میدیاییەکان.

٢. لێکۆڵینـەوە لـە جەمـاوەر و شـیکردنەوەی ئاراسـتەکانی رای گشـتیی، تـەواوی ئـەو زانیارییانـە بـە دامـەزراوە و کەناڵەکـە بدرێـت کـە تایبەتـن بـە ئاراسـتەکانی جەمـاوەر و رای گشـتیی، هەروەهـا شـیکردنەوەی ئـەو پێشـهات و گۆڕانکارییانـەی بەسـەر رای گشـتییدا دێـن.

٣. گرنگییـدان بـە مەیـل و گرنگییپێدانەکانـی جەمـاوەر (اهتمامـات الجماهیـر) و یارمەتییدانـی جەمـاوەر بـۆ هەڵکـردن لەگـەڵ پەیامەکانـی کەنـاڵ و دامەزراوەکـە لـە رێگـەی قەناعەتپێهێنانیـەوە.

٤. بەکارهێنانـی ئامرازەکانـی راگەیانـدن و پەیوەندیکـردن بەشـێوەیەکی زانسـتیی گونجـاو بـۆ گەیاندنـی پەیـام بـە جەمـاوەر بـە باشـترین و کاریگەرتریـن شـێوە، هەروەهـا پێشخسـتنی تەکنیکەکانـی چالاکییـە میدیاییـەکان و شـێوازی پێشکەشـکردنیان، بـە شـێوەیەك ببێـت بـە هـۆی کاردانـەوە و کارلێکـی ئەرێنیـی جەمـاوەر.

٥. دڵنیابـوون لـەوەی سیاسـەت و ئامانـج و خزمەتگوزارییەکانـی دامـەزراوە و کەناڵەکـە لەلایـەن جەمـاوەرە جیاوازەکانـەوە گرنگیـی پێویسـتی پـێ ئەدرێـت.

٦. پلاندانـان و بەڕێوەبردنـی ئـەو پـلان و بەرنامـە میدیاییانـەی دامەزراوەکـە، کـە مەبەسـت لێیـان دەستخسـتنی ئامانجـە میدیاییەکانـی کەنـاڵ و دامەزراوەکەیـە.

دووەم : تیۆرییە میدیاییەکان و پەیوەندیی گشتیی:

مەبەسـت لـە تیۆرییەکانـی میدیـا، پوختـەی دەرەنجامـی توێژینـەوە و لێکۆڵینەوەکانـی تایبـەت بـە پەیوەندییکردنـە بـە جەمـاوەرەوە، بـە ئامانجـی شرۆڤەکردنـی دیـاردەی پەیوەندییکـردن و میدیـا و هەوڵـی کۆنترۆڵکردنـی و پێشـبینییکردنی چۆنێتیـی کارکردنـی و کاریگەرییەکـەی لەسـەر کۆمەڵگـە، هەروەهـا تیۆرییـە میدیاییـەکان کاریگەرییەکانـی میدیـا لەسـەر جەمـاوەر و هەروەهـا کاریگەریـی جەمـاوەر لەسـەر میدیـا روون ئەکەنـەوە. (اسـماعیل، بـێ سـاڵی دەرچـوون، ل ٥٨)

بـۆ ئـەم توێژینەوەیـە، هەریەکـە لـە تیۆرییـە میدیاییەکانـی (کاریگەریـی، بەکارهێنـان و تێرکـردن، بایەخبەندیـی، پەیوەندیـی بـە دوو قۆنـاغ) وەرگیـراون بـۆ دیاریکردنـی ئاسـتی بەکارهێنانیـان لەلایـەن بەشـەکانی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییەکانـەوە.

## ١. تیۆرییەکانی کاریگەریی / (دەرزی، سنووردار) :

١- ١ : تیۆری کاریگەریی دەرزیی:

ئـەم تیۆرییـە پێـی وایـە، میدیـا کاریگەریـی گـەورە و راسـتەوخۆی لەسـەر وەرگـر و کۆمەڵگـە هەیـە، وەك چـۆن دەرزییـەك کاریگەریـی راسـتەوخۆی لەسـەر جەسـتەی مـرۆڤ ئەبێـت، بۆیـە تیۆرییەکـەش هـەر بـە (کاریگەریـی دەرزیـی) ناونـراوە. (حەمەسـەعید، ٢٠١٩، ل ٥٢)

تیۆرەکـە بـاس لـە توانـای ئامرازەکانـی پەیوەندیـی جەمـاوەری ئـەکات بـۆ گەیاندنـی هـەر بیرۆکەیـەک بـە شـێوازێکی راسـتەوخۆی خێـرا، پێـی وایـە ئامرازەکانـی پەیوەندیـی جەمـاوەری کاریگەریـی راسـتەوخۆ و بەهێزیان لەسـەر جەماوەر هەیـە، وا گریمانـە ئـەکات نێـرەر کۆنترۆڵـی تەواوەتیـی پرۆسـەی پەیوەندییکـردن - اتصـال ئـەکات و جەمـاوەر لـە بەرامبەریـدا لاوازە. (محەمەدئەمیـن، ٢٠٢٢، ل ١٠٢)

بنەما سەرەکییەکانی ئەم تیۆرییە بریتییە لەوەی، میدیا و ئامرازەکانی راگەیاندن هێزێکی بێ چەندوچوونن «مطلق» لە ناردنی پەیامە میدیاییەکان و دروستکردنی کاریگەریی لەسەر جەماوەر، بەشێوەیەك، ئەندامانی کۆمەڵگەی جەماوەریی، بە نزیکەیی، وەك یەك لە پەیامەکە تێ ئەگەن و کاریگەریی بەهێز لەسەر هەستی تاکەکان درووست ئەکات، بۆیە بە نزیکەیی، کاردانەوەی وەکیەکیش لە جەماوەرەکەوە هەست پێ ئەکرێت. (ابو الحسن، ٢٠٠٧، ل ١٢٠ – ١٢١)

لە سەرەتادا ئەم تیۆرییە پێشوازییەکی زۆری لێکرا، بەو پێیەی لەسەر بنەمای ئەو تیۆرییە کۆمەڵناسیی و دەروونناسییانە دانرابوو، کە ئەوکات لە برەودا بوون و وا مەزەندە ئەکرا کە تاك لەنێو جەماوەردا تاکێکی دابڕاوە و هیچ کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتیی بەهێزی بەسەرەوە نییە، هەر لەبەر ئەوەشە کە کاریگەریخستنە سەریان لە رێگەی پەیامە میدیاییەکانەوە، ئاسانە، بەڵام تیۆرییەکە بۆ ماوەیەکی زۆر لەنێو بواری میدیا و توێژینەوە میدیاییەکاندا لە برەودا نەمایەوە، بەو پێیەی زۆر تێبینیی و ئەنجامی مەیدانیی ئەوەیان دەرخست، کە لەگەڵ ئەوەی میدیا کاریگەریی لەسەر وەرگر و تاك هەیە، بەڵام بەو بەهێزییە نییە کە تیۆرییەکە باسی ئەکرد، هەروەها وەڵامدانەوە و کەوتنە ژێر کاریگەریی پەیامە میدیاییەکان بەو خێرایی و راستەوخۆییە نییە، بەڵکو چەندین هۆکار و کارتێکەری تر هەن کە کاریگەرییان هەیە لەسەر درووستبوونی ئەو کاریگەرییە. (عبدالحمید، ٢٠٠٤، ل ٢٣٤ - ٢٣٧)

٢ - ١ : تیۆری کاریگەریی سنووردار – کاریگەریی هەڵبژێردراو:

بازدان لە تیۆری کاریگەریی دەرزییەوە بۆ تیۆری کاریگەریی سنووردار، بازدان بوو لە چەمکی ئاسان و ساکارەوە، بەرەو چەمکی ئاڵۆزتر و لێکدراو، بەشێوەیەك، چیتر هۆکار و پاڵنەرە سایکۆلۆژیی و سۆسیۆلۆژییەکان، کە کەسێك لە کەسێکی تر جیائەکەنەوە، بوون بە گۆڕاو «متغیر» و هۆکاری بەیەکداچوو «متداخل» لە پرۆسەی ناردنی پەیامی میدیایی و وەرگرتنی پەیامەکە و کاریگەرییەکانی، بەشێوەیەك، لەبری ئەو حاڵەتەی لە تیۆری کاریگەریی دەرزیی دا روویئەدا لە وەڵامدانەوە و کاریگەریی خێرای جەماوەر بۆ پەیامی میدیایی و هەروەها نەبوونی هیچ هۆکار و کاریگەرییەك لە نێوان میدیا و جەماوەرەکەیدا، دۆخەکە گۆڕا بۆ ئەوەی کە ژمارەیەك گۆڕاو و هۆکاری بەیەکداچوو بێنەئارا و شێوەی پەیوەندییەکە بگۆڕن. (ابو الحسن، ٢٠٠٧، ل ١٢٢)

لێرەوە، دیدێکی نوێ درووستبوو، بەوەی جەماوەری کەناڵەکانی راگەیاندن بوونەوەری کۆمەڵایەتیین و بەستراونەتەوە بە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیانەوە، چیتر تاکەکان و کەسایەتییەکانیان وەك یەك تەماشا نەئەکران و دان بە جیاوازییەکاندا نرا، بەشێوەیەك، لەگەڵ ئەوەی تاکەکان هەموویان هاوبەشن لە هەڵسوکەوتە گشتییەکانی ناو کۆمەڵگە، بەڵام هەر تاکێکیش بونیادێکی جیاوازی دركکردن و تێگەیشتنی هەیە لە رووی: پێداویستییەکان، خوو و نەریتەکان، بیروباوەڕ و بەهاکان، هەروەها توانا و شێوازی تێگەیشتن. (مکاوی و حسین، ١٩٩٨، ل ٢٢٧ - ٢٣١)

دابەشکارییەکانی کۆمەڵگە نوێکان رۆڵیان هەبوو لە دیاریکردنی توانای تاکەکانی ناو ئەو گرووپانەی کۆمەڵگە بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی پەیام و ناوەڕۆکە میدیاییەکان، ئەگەر ئەو دابەشکارییەی کۆمەڵگە نوێکان لەسەر هەڵسوکەوتی میدیایی جەماوەر و بەرکەوتن و کاردانەوەیان بۆ پەیام و ناوەڕۆکە میدیاییەکان تاقیبکرێتەوە، ئەوا بەراوردکردنی شێوازە جیاوازەکانی هەڵسوکەوتی میدیایی تاکەکان، ئەوەیان دەرخست، کە جەماوەری

پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو، ئەکرێت پەیام و ناوەڕۆکێکی میدیایی هەڵبژێرن، جیاواز بێت لەو پەیام و ناوەڕۆکە میدیاییەی تاکەکانی پێکهاتەیەکی تری کۆمەڵایەتیی هەڵیئەبژێرن، یان ئەکرێت شیکردنەوە و تێگەیشتنی جەماوەری پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو بۆ هەمان پەیام و ناوەڕۆکی میدیایی، جیاواز بێت لە شیکردنەوە و تێگەیشتنی جەماوەری پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی تر بۆ هەمان پەیام و ناوەڕۆکی میدیایی. (ابو الحسن، ٢٠٠٧، ل ١٢٣)

هەروەها لەسەر ئاستی تاکەکانی کۆمەڵگە، چوار بنەمای سەرەکی هەن، کە توانای ڕەنگڕێژکردنی کاریگەریی هەڵبژێردراویان هەیە، کە بریتین لە : (دی فلۆر و دۆکنیچ، ١٩٩٣، ل ٢٧٦ - ٢٨٠)

١. گرنگیپێدانی هەڵبژێردراو، لەسەر ئەو بنەمایە داڕێژراوە، کە جیاوازییە مەعریفییەکانی نێوان تاکەکان و هەروەها جیاوازیی حەز و پێداویستییەکان ئەبێتە هۆی جیاوازی لە گرنگییدان ی ئەو تاکانە بە پەیام و ناوەڕۆکە میدیاییەکان.

٢. درکپێکردنی هەڵبژێردراو، ئەوەیە، کە سیفاتە سایکۆلۆژییە جیاوازەکان و ئاراستە هەڵسوکەوتییەکانی تایبەت بە تاك و چین و توێژێکی دیاریکراو، وائەکەن هەمان پەیام و ناوەڕۆکی میدیایی، بەشێوازی جیاواز درك پێ بکرێت و بخوێندرێتەوە.

٣. بیرکەوتنەوەی هەڵبژێردراو، بەو مانایەی، هەندێك لە وەرگران و جەماوەر، جۆرێکی دیاریکراوی پەیامە میدیاییەکانیان بیردەکەوێتەوە و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ئەمێنێتەوە لایان، لەکاتێکدا ئەکرێت هەمان پەیام و ناوەڕۆکی میدیایی لای بەشێکی تری جەماوەر بە زوویی لە بیربچێتەوە.

٤. هەرچیی بنەمای هەڵسوکەوتی هەڵبژێردراوە، واتا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، هەمان کاردانەوە و هەڵوسەکەوتیان نابێت لە ئەنجامی بەرکەوتنیان بە ناوەڕۆکێکی میدیایی، بەڵکو کاردانەوە و هەڵسوکەوتەکانی دوای وەرگرتنی پەیامە میدیاییەکە جیاوازن.

لەبارەی بەستنەوە و پەیوەندیی تیۆری کاریگەری بە پەیوەندیی گشتییەوە، ئەکرێت بوترێت، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی پەیوەندیی گشتیی، هاوشێوەی میدیا و دامەزراوەکانی پەیوەندیی جەماوەری، دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر جەماوەر، هەوڵە بۆ ئاراستەکردنی جەماوەر بەرەو ئامانج و بەرنامەی دیاریکراو و ویستراوی پەیوەندیی گشتیی، بۆ ئەمەش، تێگەیشتنی بەشەکە لە ڕەهەندەکانی تیۆری کاریگەریی و زانینی چۆنێتیی دروستکردنی ئەو کاریگەرییە ویستراوە، هەروەها ناسینی خودی جەماوەری بەئامانجگیراو، بە مەبەستی هەڵبژاردنی باشترین و گونجاوترین پەیام و ناوەڕۆک و ئامراز بۆ دروستکردنی کاریگەریی گونجاو لەسەر جەماوەرەکە و ئاراستەکردنی، پێویست و گرنگە.

## ٢. تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن :

تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن ئاوڕی لە بەرکەوتنی خۆویست دایەوە، پرسیاری ئەوە ئەوروژێنێت کە وەرگر چۆن بریار ئەدات بەر کام ناوەڕۆکی میدیایی ئەکەوێت و کام ناوەڕۆکیش فەرامۆش ئەکات؟ بۆیە تیۆرەکە ناونرا بەکارهێنان و تێرکردن، واتا کام بەکارهێنانانە پێداویستییەکانی مرۆڤ پڕئەکاتەوە؟ بۆیە خاڵی سەرەتا و دەستپێکی تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن پێداویستییەکانی وەرگرە، بەو پێیەی ئەو پێداویستییانە شێوازەکانی بەرکەوتن بە ئامرازەکانی میدیا دیاری ئەکات، بۆ نموونە، هەندێک کەس پێویستیی زۆریان بە کاتبەسەربردنە،

لەکاتێکدا هەندێکی تریان ئالوودەی هەواڵەکانن، بۆیە پێداویستییەکانی جەماوەر و وەرگر شێوازی بەرکەوتن و بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا و هەروەها تەماشاکردنی ناوەڕۆک و پەیامی دیاریکراو دیاری ئەکات، لێرەوەیە کە گریمانەی سەرەکیی تیۆرەکە ئەوە دووپاتئەکاتەوە کە وەرگر لەبارەی پێداویستییەکانیەوە بەئاگایە و بەشێوەیەکی ئاوەزمەندانە – عقلانی ئاراستەیان ئەکات، جەماوەر خودی خۆی ئەو کەناڵ و ئامرازەی میدیا دیاری ئەکات کە بەکاری ئەهێنێت و هەر خودی خۆشی بڕیار لەو ناوەڕۆک و پەیامە ئەدات کە لە میدیاکەوە وەریئەگرێت، ئەم بڕیاردانانەش کاریگەرن بە گرنگییدان بە کەسییەکانی تاک و ویست و بەهاکانی لە تێرکردنی پێداویستییە جیاواز و جۆربەجۆرەکانی. (اسماعیل، بێ ساڵی دەرچوون، ل ٧٩ - ٨٠)

مارک لیڤی١*، کە یەکێکە لەو زانایانەی لە چوارچێوەی تیۆری بەکارهێنان و تێرکردندا لێکۆڵینەوەی کردووە، ئەڵێت، بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا بەکارهێنانێکی ئاراستەکراو و مەبەستدارە بۆ دەستخستنی چەند ئامانجێک کە لەلایەن خودی جەماوەرەوە دیاری ئەکرێن، بە گشتی پێنج ئامانجیشی دیاریکردووە بۆ بەرکەوتن و بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا لەلایەن جەماوەرەوە، کە بریتیین لە (چاودێریکردنی ژینگەی دەوروبەر، ئاراستەکردنی ناسککاریی، ئاراستەکردنی سۆزداریی، بەزمەسات، ناڕازیبوون. (الضلاعین و اخرون، ٢٠١٦، ل ٢٤٣) بەشێک لە زانایان پێنج گریمانەی سەرەکییان بۆ تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن دانا، کە ئەمانەن: (اسماعیل، بێ ساڵی دەرچوون، ل ٨١ - ٨٢)

١. جەماوەر بەشداری کاران لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی جەماوەری، ئامرازەکانی میدیاش بۆ ئامانجی مەبەستدار بەکار ئەهێنن، کە پێشبینی و پێداویستییەکانیان پڕ بکاتەوە.

٢. بەکارهێنانی ئامرازی میدیایی گوزارشتە لەو پێداویستییانەی کە جەماوەر درکی پێ ئەکەن، جیاوازییە کەسییەکانیش تەحەکوم بەو بەکارهێنان و پێداویستییانەوە ئەکەن.

٣. جەماوەر خۆیان ئەو پەیام و ناوەڕۆکە میدیاییانە هەڵئەبژێرن کە پێداویستییەکانیان تێر ئەکات، ئامرازەکانی میدیاش لەگەڵ سەرچاوەکانی تری تێرکردندا لە کێبڕکێدایە بۆ بەدەمەوەهاتنی ئەو پێداویستییانە.

٤. جەماوەر توانای دیاریکردنی پاڵنەرەکانی بەرکەوتن و هەروەها ئەو پێداویستییانەی کە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەدەن، هەیە، بۆیە هەر خۆیان ئامرازی گونجاو بۆ تێرکردنی ئەو پێداویستییانە هەڵئەبژێرن.

٥. نەک تەنها لە ڕێگەی ناوەڕۆکی میدیاییەوە، بەڵکو لە ڕێگەی بەکارهێنانی جەماوەریشەوە بۆ ئامرازەکانی میدیا، پەی بە پێوەرە ڕۆشنبیرییە باو و بەرکارەکانی کۆمەڵگە ببرێت.

لەبارەی بەستنەوە و پەیوەندیی تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن بە پەیوەندیی گشتییەوە، ئەکرێت بوترێت، یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەیوەندیی گشتیی، ناسینی جەماوەر و زانینی ئاراستە و حەز و پێداویستییەکانێتی، بەو پێیەی هەموو جەماوەرێک پێداویستیی دیاریکراوی هەیە و چاوەڕوانیی دیاریکراویشی لە هەر یەکێک لە دامەزراوەکان هەیە بە دامەزراوە میدیاییەکانیشەوە، بۆ پڕکردنەوەی حەز و پێداویستییەکانی، بۆیە ئەکرێت بەشی پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکان، لە ڕێگەی توێژینەوە و ناسینی جەماوەرەوە، خواست و پێداویستی و حەزەکانی دیاری بکات و لە چوارچێوەی ئەرکە میدیاییەکان و پەیام و ناوەڕۆکە میدیاییەکانەوە، هانی کارگێڕیی باڵا و بەشەکانی تر بدات، جێگەی ئەو حەز و پێداویستییانەی جەماوەر بکەنەوە و لەو ڕێگەیەوە سەرنجی زۆرترین جەماوەر بۆ خۆیان رابکێشن.

---

١* مارک لیڤی، زانایەکی ئەمریکییە و پسپۆڕیی لە بواری میدیادا هەبووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی هەریەکە لە تیۆرییە میدیاییەکانی (بەکارهێنان و تێرکردن) و (کاریگەریی هەڵبژێردراو).

## ٣. تیۆری بایەخبەندیی :

لـە كاری میدیاییـدا، چەنـد هۆكارێـك هـەن كـە كاریگەرییـان لەسـەر مـاوە و كات و شـوێنی بابـەت و پەیامـە ڕۆژنامەوانییـەكان هەیـە، دیاریكردنـی ئـەو كات و شـوێنەش هەڵبژاردنێكـی مەبەسـتدار و ئامانجـدارە و گوزارشـت لـە ئاسـتی گرنگییـدان ی ئامـرازە میدیاییەكـە ئـەكات بـۆ هـەواڵ و بابەتگەلێكـی دیاریكـراو، بـەو مانایـەی ناكرێـت دامـەزراوە میدیاییـەكان ئاسـتی گرنگییـدان یـان بـۆ هەمـوو ڕووداو و هەواڵـەكان وەك یـەك بێـت، بەڵكـو جیـاوازە، ئەمـەش بـە كاریگەریـی سیاسـەتە گشـتیی و تایبەتەكانـی كەنـاڵ و دامـەزراوە میدیاییەكـە، بۆیـە ئامـراز و كەناڵـە میدیاییـەكان ناچـارن پەخشـكردن و بڵاوكردنـەوەی بابـەت و پەیامـە میدیاییـەكان ڕێكبخـەن و ڕیزبەندیـان بكـەن و ئامـاژە بێـت بـۆ ئاسـتی گرنگیـی بابەتەكـە، ڕیزبەندییەكـەش گوزارشـت لـە سیاسـەت و ئاراسـتەكانی دامـەزراوە میدیاییەكـە ئـەكات بەرامبـەر بـە پەیـام و بابەتـە میدیاییەكـە، ئـەم پرۆسـەی ڕێكخسـتن و ڕیزبەندكردنـەش ناونـراوە بایەخبەندیـی – ترتیـب الاولویـات – Agenda Setting. (Sh.Loery and M. De leur ,١٩٨٣, P ٣٨٠)

لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی تیـۆری بایەخبەندیـدا، توێـژەران لەبـارەی ڕیزبەندكـردن و گرنگیپێـدان بـە بابـەت و پەیامـە میدیاییـەكان، چەندیـن گریمانـە و پرسـیاری سـەرەكییان دارشـت، لـە نموونـەی، یەكانگیریـی نێـوان ئـەو ڕیزبەندییـەی ئامـرازە میدیاییەكـە ئەیـدات بـە بابەتێكـی میدیایـی و، ڕیزبەندیـی گرنگیـی هەمـان بابـەت لای جەمـاوەر و وەرگرەكان، ئاسـتی یەكانگیریـی و جیاوازیـی نێـوان هـەردوو گرنگیپێدانەكـە و ئـەوەی كـە تـا چەنـد ڕیزبەنـدی و گرنگیپێدانـی دامـەزراوە میدیاییەكـە بـە بابەتەكـە هـۆكار بـووە بـۆ ڕیزبەندیـی و گرنگییدانەكـە لای جەمـاوەر؟ ئایـا ئـەم پەیوەندییـە هۆكارئامێـزە شـێوازێكە لـە شـێوازەكانی كاریگەریـی میدیـا لەسـەر جەمـاوەر و ڕۆڵـی لـە پێكهێنـان و درووسـتكردنی ڕاسـتییە كۆمەڵایەتییـەكان؟ ئایـا دامـەزراوە میدیاییـەكان ڕۆڵ و كاریگەرییـان هەیـە لەسـەر جەمـاوەر و ڕیزبەندیـی گرنگیپێدانەكانـی؟ (عبدالحمیـد، ٢٠٠٤، ل ٣٤٢)

گریمانـەی سـەرەكیی تیـۆری بایەخبەنـدی لەبـارەی یەكانگیریـی نێـوان ڕیزبەندیـی بایەخـی ئامرازەكانـی ڕاگەیانـدن و هەروەهـا ڕیزبەندیـی بایەخـی جەمـاوەر لـە گرنگییـدان بـە پـرس و بابەتـە میدیاییەكانەوەیـە، بـە واتـای بوونـی پابەسـتییەكی ئەرێنیـی لەنێـوان ڕیزبەندیـی گرنگیپێدانەكانـی هەریەكـە لـە ئامـرازی میدیـا و جەمـاوەر، ئەمـەش وەكـو ئاماژەیـەك بـۆ ڕۆڵـی ئامرازەكانـی میدیـا لـە ڕیزبەندكردنـی ئەولەویەتـی گرنگییـدان ەكانـی جەمـاوەر بـۆ پـرس و بابەتـە بڵاوكـراوەكان بـە هەمـان ئـەو ڕیزبەندییـەی كـە ئامـرازە میدیاییەكـە ئەیـدات بـەو پـرس و بابەتانـە. (حسـونة، ٢٠١٥، ل ٣ - ٤)

واتـا تیـۆری بایەخبەنـدی گریمانـەی ئـەوە ئـەكات كـە دامـەزراوە میدیاییـەكان توانـای ئەوەیـان هەیـە سـەرنجەكان بـەلای بابـەت و ڕووداوی دیاریكـراودا ڕابكێشـن و وێنەیەكـی گشـتیی بـۆ جەمـاوەر درووسـت بكـەن لـە ڕێگـەی پێشكەشـكردن و ڕووماڵكردنـی بابەتـی دیاریكـراو، هەروەهـا دیاریكردنـی ئـەوەی جەمـاوەر بیـر لـە چـی بكاتـەوە و لەبـارەی چیـەوە بزانێـت. (عبدالحمیـد، ٢٠٠٤، ل ٣٤٢)، بـەو پێیـەی هـەر خـودی ئـەو ئامرازانـە كاریگەرییەكـی گەورەیـان هەیـە لەسـەر چڕكردنـەوە و ئاراسـتەكردنی ئاگایـی جەمـاوەر بـەرەو گرنگییـدان بـە بابـەت و ڕووداو و پرسـگەلی دیاریكـراو، بـەو پێیـەی جەمـاوەر لـە میدیـاوە تەنهـا بـە هەبوونـی ئـەو بابـەت و ڕووداوانـە ئاشـنا نابێـت، بەڵكـو ڕیزبەندیـی گرنگییەكەشـی ئەزانێـت، بـەو پێیـەی پەیوەندییەكـی پابەسـتیی ئەرێنییـی بەهێـز هەیـە لەنێـوان گرنگیـی بابـەت لـە میدیـادا و هەروەهـا گرنگییەكـەی لای جەمـاوەر. (حسـونة، ٢٠١٥، ل ٥)

بۆیـە لـە چوارچێـوەی تیـۆری بایەخبەندییـدا دووبـارە ئـەو تێگەیشـتنە بـرەوی پەیداكـردەوە كـە میدیـا هێـز و

توانایەکی زۆری هەیە و ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە لە جووڵاندنی گرنگیپێدانەکانی جەماوەر بۆ پرس و بابەتەکان، بەشێوەیەک کە یەکانگیر و سازراو بێت لەگەڵ ریزبەندیی گرنگییدان ی کەناڵە میدیاییەکە بەو پرس و بابەتانە. (عبدالحمید، ٢٠٠٤، ل ٣٤٢ تا ٢٣٥)

لەگەڵ ئەوەی توێژینەوە سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی تایبەت بە تیۆری بایەخبەندی کاریان لەسەر ریزبەندیی رووداو و بابەتەکان و کاریگەریی ئەو ریزبەندی و رووماڵە میدیاییەی دامەزراوە میدیاییەکان لەسەر تێگەیشتن و پەیبردنی جەماوەر بە گرنگیی ئەو بابەتە رۆژانانە ئەکرد، بەڵام دواتر و بەپێی پێشکەوتنی توێژینەوەکانی تایبەت بەم تیۆرە و بەتایبەت لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا توێژینەوەکان و خودی تیۆرەکە تەرکیزیان کردە سەر سەرچاوەکانی بایەخی دامەزراوە میدیاییەکان، واتا بایەخ لە گۆڕاوی سەربەخۆوە بووە گۆڕاوی شوێنکەوتە و پرسیارەکە لەوەی کە کێ بایەخ بۆ جەماوەر دائەنێت؟ گۆڕا بۆ پرسیاری، کێ بایەخ بۆ ئامراز و دامەزراوە میدیاییەکە دائەنێت؟ (حسونة، ٢٠١٥، ل ٥)

لەبارەی بەستنەوە و پەیوەندیی تیۆری بایەخبەندی بە پەیوەندیی گشتییەوە، هاوشێوەی هەر دامەزراوەیەک، دامەزراوە میدیاییەکان و خودی بەشی پەیوەندیی گشتیی ئەو دامەزراوانە، خاوەنی ئەجێندا و بەرنامە و سیاسەتی دیاریکراوی خۆیانن و کار لەسەر بەدیهێنان و گەیاندنی بە جەماوەر ئەکەن، ئەکرێت بەشی پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکان بەشداربێت لە دیاریکردنی درووست و وردی ئامانج و سیاسەت و ئەجێندای دامەزراوە میدیاییەکە و لە پلانە میدیاییەکاندا جێگەی بکرێتەوە، لەکاتی جێبەجێکردنیشدا هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی جێکردنەوەی ئەو ئەجێندا و سیاسەتانە بکات لە پەیام و ناوەڕۆک و بەرنامە میدیاییەکاندا و دڵنیابێت لە کارایی و کاریگەریی گەیشتنی بە جەماوەر.

## ٤. تیۆری پەیوەندیکردن بە دوو قۆناغ :

سەرەتای دەرکەوتنی ئەم تیۆرییە ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو و لەدایکبووی دوای چەند توێژینەوەیەکە لەسەر هەڵبژاردنەکان لە ئەمریکا و کاریگەریی هەریەکە لە میدیا و سەرکردەکانی را لەسەر جەماوەر و رای گشتیی، لە کۆتاییدا گەیشتنە ئەو تێگەیشتنەی کە ناونرا «لێشاوی زانیاری بە دوو قۆناغ»، یان «گواستنەوەی زانیاری بە دوو قۆناغ»، بەو واتایەی، زۆرجار بیرۆکە و را و پەیامەکان سەرەتا لە رادیۆ و رۆژنامە و تەلەفزیۆنەکانەوە ئەگوازرێنەوە بۆ «سەرکردەکانی را» و دواتر لەوانەوە ئەگوازرێنەوە بۆ بەشە کەمتر چالاکەکەی کۆمەڵگە. W.Schramm, ١٩٧٣, P ١٢٥))

ئەو توێژینەوانەی لەسەر هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٤٠ی ئەمریکا کران، دەریانخست کە ئامرازەکانی میدیا کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە لەسەر بڕیار و هەڵسوکەوتی دەنگدەران، بەڵکو پەیوەندیکردنی کەسی وەکو رەگەزێکی نوێ هاتووەتە ناو هاوکێشەی نێوان ئامرازەکانی میدیا و کاریگەرییەکانی لەسەر وەرگر، ئەمەش وایکرد بیرۆکەی گواستنەوەی زانیاری بە دوو قۆناغ بکرێتە بابەتی توێژینەوە. (الضلاعین و اخرون، ٢٠١٦، ل ١٠٢) ئەم تیۆرییە وایدائەنێت کە جەماوەر لە تاکی لێکدابڕاو پێکنایەت، بەڵکو تاکگەلێکن کە لە رێگەی نێوەند و کەناڵی جیاجیاوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە و لە رێگەی گفتوگۆوە پرۆسەکانی قەناعەتپێهێنان و گۆڕینەوەی زانیاری و را لەنێوانیاندا لەئارادایە، هەروەها دووپاتیئەکاتەوە، کە لە پرۆسەکانی بڵاوکردنەوەی را و زانیارییەکان، کاریگەرییەکانی پەیوەندیکردنی کەسی بەهێزترە لە کاریگەرییەکانی دامەزراوە میدیاییەکان، بەو مانایەی

تاکەکانـی کۆمەڵگـە کاریگـەرن بـە سـەرکردەکانی را. (عبدالحمیـد، ٢٠٠٤، ل ٢٣٨)
بـە کورتـی، مەبەسـت لـە پەیوەندیـی دوو قۆنـاغ ئەمەیـە، یەکـەم: زانیارییـەکان لـە ئامرازەکانـی میدیـاوە ئەگوازرێنـەوە بـۆ ئـەو کەسـانەی زیاتـر ئـاگادار و شـارەزان، کـە ئەکرێـت بـە سـەرکردەکانی را ناوبرێـن، دووەم: زانیارییـەکان لـەو کەسـە ئـاگادار و شـارەزایانەوە لـە رێگـەی پەیوەندیکردنـی راسـتەوخۆوە ئەگوازرێنـەوە بـۆ کەسـەکانی تـر، بەتایبـەت ئەوانـەی کەمـتر ئامرازەکانـی میدیـا بەکارئەهێنـن و لـە وەرگرتنـی زانیارییەکانـدا پشـت بـە کەسـانی تـر ئەبەسـتن. (الضلاعیـن و اخـرون، ٢٠١٦، ل ١٠٢)
هەرچۆنێـک بێـت، ئـەم تیۆرییـە هـەر لـە سـەرەتاوە ئـەوەی سـەلماند کـە تاکـی نـاو جەمـاوەر تاکێکـی دابـڕاو نییـە، بەڵکـو بەشـێوەیەک لـە شـێوەکان سـەر بـە تۆڕێکـی پەیوەندیـی کۆمەڵایەتییـە، کـە کاریگەریـی هەیـە لەسـەر هەڵسـوکەوتەکانی پەیوەندیکردنـی لەگـەڵ ئامرازەکانـی میدیـا و هەروەهـا بڕیارەکانـی، کـە رەنگدانـەوەی کاریگەربـوون و کاریگەرنەبوونێتی بـە پەیامـە میدیاییەکـە. (عبدالحمیـد، ٢٠٠٤، ل ٢٣٩ + ٢٤٠)
بـە بەسـتنەوەی تیۆرییەکـە بـە پەیوەندیـی گشـتییەوە، بەواتـای توانـای بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی دێـت بـۆ پەیوەندیکردن بـە سـەرکردەکانی را و تەرکیزخسـتنە سـەر ئـەو توێـژە و لێکۆڵینـەوە لەبارەیانـەوە، دواتـر هاندانـی ئـەو سـەرکردانەی را بـۆ گەیاندنـی زانیارییـەکان بـە شـێوەیەکی درووسـت بـە شـوێنکەوتووەکانیان و هاندانیـان بـۆ پشـتگیریکردنی چالاکییەکانـی دامەزراوەکـە. (المشـاقبة، ٢٠١٤، ل ٣٣٤)
لەبـارەی بەسـتنەوە و پەیوەندیـی تیـۆری پەیوەنـدی بـە دوو قۆنـاغ بـە پەیوەندیـی گشـتییەوە، هاوشـێوەی هـەر دامەزراوەیەکـی تـر، بـە دامـەزراوە میدیاییەکانیشـەوە، ئەکرێـت بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی بـۆ باشـتر و کاریگەرتـر گەیاندنـی بیرۆکـە و پەیامەکانـی بـە جەمـاوەر، پەنـا بـۆ کەسـانی کاریگـەر و گوێلێگیـراو و سـەرکردەکانی را ببـەن، لـە نموونـەی سیاسـییە گوێلێگیـراوەکان، هونەرمەندانـی دڵخـوازی جەمـاوەر، رۆشـنبیران، پیاوانـی ئایینـی.. هتـد.
لـە کاری پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییەکانـدا ئـەم کارە زیاتـر لـە دیاریکردنـی میـوان و قسـەکەرانی نێـو بەرنامـە و هەواڵنامـە و دۆکیومێنتـاری و هـەر بەرهـەم و کارێکـی تـری میدیاییـدا رەنگئەداتـەوە، بـەوەی خەڵکانێکـی شـیاو و گوێلێگیـراو و شـارەزا بەکارئەهێنـن بـۆ گەیاندنـی پەیـام و بیرۆکەیـەک، یـان شـیکردنەوەی دۆخ و بابەتێکـی دیاریکـراو.
چوارچێوەی کرداریی توێژینەوە:

یەکەم - دیمۆگرافیای بەرتوێژان – پەیوەندیی گشتی
خشتەی ژمارە (١) دیمۆگرافیای بەرتوێژانی پەیوەندیی گشتی

| گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان | | دووبارەبوونەوە | ٪ |
|---|---|---|---|
| رەگەز | نێر | ٢٠ | ٪٥٠ |
| | مێ | ٢٠ | ٪٥٠ |
| بڕوانامە لە راگەیاندن یان پەیوەندیی گشتی | بەڵێ | ١٣ | ٪٣٢.٥ |
| | نەخێر | ٢٧ | ٪٦٧.٥ |
| بوار | راگەیاندن | ١١ | ٪٨٤.٦ |
| | پەیوەندیی گشتی | ٢ | ٪١٥.٤ |

خشـتەی سـەرەوە زانیارییـە دیمۆگرافییەکانـی بەرتوێژانی بەشـەکانی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییـەکان ئەخاتـەڕوو لـەڕووی (رەگـەز، بوونـی بڕوانامـە لـە راگەیانـدن یـان پەیوەندیـی گشـتی).

١. لـە ٤٠ بەرتوێـژ، ٢٠یـان (٥٠٪) لـە رەگـەزی نێـر و ٢٠یـان (٥٠٪) لـە رەگـەزی مـێ بـوون، بـەوەش دەرئەکەوێـت هاوسـەنگیی رەگـەزی لـە بەشـەکانی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییەکانـدا لـە ئاسـتێکی باڵادایـە.

٢. تەنهـا ١٣ بەرتوێژیـان (٣٢.٥٪) بڕوانامەیـان لـە زانسـتەکانی راگەیانـدن یـان پەیوەندیـی گشـتیدا هەبـووە، ٢٧یـان (٦٧.٥٪) بڕوانامەیـان لـەو زانسـتانەدا نەبـووە، بـەو مانایـەی زۆرینـەی بەرتوێژانـی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییـەکان پسـپۆڕیی ئەکادیمییـان لـە بوارەکانـی راگەیانـدن و پەیوەندیـی گشـتیدا نەبـووە، کـە ئەکرێـت هـۆکار بێـت بـۆ ئـەوەی زانیارییـان لەبـارەی کاری زانسـتیی دامـەزراوە و بەشـەکانیان نەبێـت، یـان لاواز بێـت، ئەمـە جگـە لـەوەی هـۆکار بێـت بـۆ نەبوونـی زانیـاری لەبـارەی تیۆرییـە میدیاییـەکان.

٣. هەروەهـا لـەو ١٣ بەرتوێـژە، تەنهـا دوو بەرتوێـژ (١٥.٤٪) بڕوانامەکەیـان لـە پەیوەندیـی گشـتیدا بـووە، ١١کـەی تریـان (٨٤.٦٪) بڕوانامەکانیـان لـە زانسـتی راگەیاندنـدا بـووە، واتـا پسـپۆڕیی پەیوەندیـی گشـتیی لەنێـو بەشـەکانی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییەکانـدا زۆر کەمـە و لـە ٤٠ بەرتوێـژ، تەنهـا دوو بەرتوێـژ پسـپۆڕیی ئەکادیمییـان لـە زانسـتەکەدا هەیـە.

دووەم – ئەرکە میدیاییەکانی پەیوەندیی گشتی

خشتەی ژمارە (٢) ئەرکە میدیاییەکانی بەشی پەیوەندیی گشتی لە دامەزراوە میدیاییەکاندا

| ئەرک | گۆڕاو | دووبارەبوونەوە | ٪ | ئاراستە |
|---|---|---|---|---|
| پێشنیازکردنی بابەت و پرسی میدیایی بۆ بەشەکانی تری دامەزراوە میدیاییەکە | ئەرکی سەرەکییە | ١٣ | ٪٣٢.٥ | جێبەجێی ناکات |
| | ئەرکی لاوەکییە | ١٠ | ٪٢٥ | |
| | جێبەجێی ناکات | ١٧ | ٪٤٢.٥ | |
| بەشداریکردن لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک و پەیامی میدیایی | ئەرکی سەرەکییە | ٩ | ٪٢٢.٥ | جێبەجێی ناکات |
| | ئەرکی لاوەکییە | ١٠ | ٪٢٥ | |
| | جێبەجێی ناکات | ٢١ | ٪٥٢.٥ | |
| بەشداریکردن لە دانانی پلانە میدیاییەکانی دامەزراوەکە و پلانی بەشەکانی تر | ئەرکی سەرەکییە | ١٤ | ٪٣٥ | جێبەجێی ناکات |
| | ئەرکی لاوەکییە | ٨ | ٪٢٠ | |
| | جێبەجێی ناکات | ١٨ | ٪٤٥ | |
| توێژینەوە لەسەر ئاراستە و حەز و پێداویستییەکانی جەماوەر | ئەرکی سەرەکییە | ١٥ | ٪٣٧.٥ | جێبەجێی ناکات |
| | ئەرکی لاوەکییە | ٣ | ٪٧.٥ | |
| | جێبەجێی ناکات | ٢٢ | ٪٥٥ | |
| توێژینەوە لەسەر کاریگەریی پەیام و ناوەڕۆکە میدیاییەکانی دامەزراوە | ئەرکی سەرەکییە | ١٣ | ٪٣٢.٥ | جێبەجێی ناکات |
| | ئەرکی لاوەکییە | ٥ | ٪١٢.٥ | |
| | جێبەجێی ناکات | ٢٢ | ٪٥٥ | |
| هاندانی کەناڵ بۆ بەهەندوەرگرتنی حەز و پێداویستییەکانی جەماوەر | ئەرکی سەرەکییە | ١٤ | ٪٣٥ | جێبەجێی ناکات |
| | ئەرکی لاوەکییە | ١٠ | ٪٢٥ | |
| | جێبەجێی ناکات | ١٦ | ٪٤٠ | |

خشـتەی سـەرەوە ئاسـتی جێبەجێکردنـی ئەرکـە میدیاییـەکان لەلایـەن بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییەکانـەوە روون ئەکاتـەوە، مەبەسـتیش لـە زانینـی ئاسـتی ئـەو ئەرکـە میدیاییانـە ئەوەیـە، کـە ئەگـەر بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی ئـەو ئەرکانـە جێبەجـێ نـەکات، یـان بەشـداریی پـێ نەکرێـت لـە جێبەجێکردنیانـدا، ناتوانێـت

سـوود لـە تیۆرییـە میدیاییـەکان وەربگرێـت و بەکاریـان بهێنێـت.

١. پێشنیازکردنی بابەت و پرسی میدیایی بۆ بەشەکانی تری دامەزراوە میدیاییەکە:

١٧ بەرتوێـژ (٤٢.٥٪) ئەڵێـن بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی ئەرکـی پێشـنیازکردنی بابـەت و پرسـی میدیایـی بـۆ بەشـەکانی تـری دامـەزراوە میدیاییەکـە جێبەجـێ نـاکات، لەکاتێکـدا ١٣ بەرتوێـژ (٣٢.٥٪) ئەڵێـن ئەرکـی سـەرەکییە و ١٠ بەرتوێژیـش (٢٥٪) بـە ئەرکـی لاوەکیـی ناویـان بـردووە، واتـا ئاراسـتەی زۆرینـە بـەرەو ئەوەیـە کـە بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی ئەرکـی پێشـنیازکردنی بابـەت و پرسـی میدیایـی بـۆ بەشـەکانی تـری دامـەزراوە میدیاییەکـە جێبەجـێ نـاکات.

٢. بەشداریکردن لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک و پەیامی میدیایی:

هەرچـی تایبەتـە بـە ئەرکـی بەشـداریکردن لـە دروسـتکردن و بەرهەمهێنانـی نـاوەڕۆک و پەیامـی میدیایـی، ٢١ بەرتوێـژ (٥٢.٥٪)، کـە ئاراسـتەی زۆرینەیـە، ئەڵێـن بەشـەکە جێبەجێـی نـاکات، ١٠ بەرتوێـژ (٢٥٪) وەکو ئەرکـی لاوەکیی بەشـەکە دەستنیشـانیان کـردووە و ٩ بەرتوێژیـش (٢٢.٥٪) ئەڵێـن ئەرکـی سـەرەکیی بەشـی پەیوەندیـی گشـتییە.

٣. بەشدارییکردن لە دانانی پلانە میدیاییەکانی دامەزراوەکە و پلانی بەشەکانی تر:

١٨ بەرتوێـژ (٤٥٪) کـە ئاراسـتەی زۆرینەیـە، ئەڵێـن بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی ئەرکـی بەشـدارییکردن لـە دانانـی پلانـە میدیاییەکانـی دامەزراوەکـە و پلانـی بەشـەکانی تـر جێبەجـێ نـاکات، ١٤یـان (٣٥٪) ئەڵێـن ئەرکـی سـەرەکییە و ٨ بەرتوێژیـش (٢٠٪) وەکـو ئەرکێکـی لاوەکیـی دەستنیشـانیان کـردووە.

٤. توێژینەوە لەسەر ئاراستە و حەز و پێداویستییەکانی جەماوەر:

٢٢ بەرتوێـژ (٥٥٪)، کـە ئاراسـتەی زۆرینەیـە، ئەڵێـن بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییـەکان هیـچ توێژینەوەیـەک ناکـەن بـۆ زانینـی ئاراسـتە و حـەز و پێداویسـتییەکانی جەمـاوەر، ١٥ بەرتوێژیـان (٣٧.٥٪) ئەڵێن یەکێکە لـە ئەرکـە سـەرەکییەکان و جێبەجێـی ئەکـەن، تەنهـا ٣ بەرتوێژیـش (٧.٥٪) ئەڵێـن ئەرکێکـی لاوەکیـی بەشـەکەیە.

٥. توێژینەوە لەسەر کاریگەریی پەیام و ناوەڕۆکە میدیاییەکانی دامەزراوە:

٢٢ بەرتوێـژ (٥٥٪)، کـە ئاراسـتەی زۆرینەیـە، ئەڵێـن بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییـەکان هیـچ توێژینەوەیـەک ناکـەن بـۆ زانینـی کاریگەریـی پەیـام و ناوەڕۆکـە میدیاییەکانـی دامـەزراوە میدیاییەکـە لەسـەر جەمـاوەر، ١٣ بەرتوێژیـان (٣٢.٥٪) ئەڵێـن یەکێکـە لـە ئەرکـە سـەرەکییەکان و جێبەجێـی ئەکـەن، ٥ بەرتوێژیـش (١٢.٥٪) ئەڵێـن ئەرکێکـی لاوەکیـی بەشـەکەیە.

٦. هاندانی کەناڵ بۆ بەهەندوەرگرتنی حەز و پێداویستییەکانی جەماوەر:

هەرچـی تایبەتـە بـە ئەرکـی هاندانـی کەنـاڵ بـۆ بەهەندوەرگرتنـی حـەز و پێداویسـتییەکانی جەمـاوەر، ١٦ بەرتوێـژ (٤٠٪) ئەڵێـن بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی ئـەو ئەرکـە جێبەجـێ نـاکات، ١٤یـان (٣٥٪) ئەڵێـن ئەرکـی سـەرەکییە و ١٠ بەرتوێژیـش (٢٥٪) وەکـو ئەرکـی لاوەکیـی دەستنیشـانیان کـردووە.

لـە وەڵامـی زۆرینـەی بەرتوێژانـی بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییەکانـەوە دەرئەکەوێـت، بەشـەکە بەشـداریی نـاکات لـە جێبەجێکردنـی ئەرکـە میدیاییەکانـدا، نـە لـە پلانـە میدیاییەکانـی دامەزراوەکـە و بەشـەکانیدا بەشـدارە، نـە پێشـنیازی بابـەت و ناوەڕۆکـی میدیایـی بـۆ بەشـەکانی تـری دامەزراوەکـە ئـەکات، نـە بەشـدارە لـە دروسـتکردنی ناوەڕۆکـە میدیاییەکانـدا، هیـچ توێژینەوەیەکیـش نـاکات لەبـارەی ئاراسـتە و پێداویسـتییەکانی جەماوەر و هەروەهـا کاریگەریـی پەیامـە میدیاییەکانـی دامەزراوەکـەی لەسـەر جەمـاوەر.

ئەکرێـت لاوازیـی بەشـداریکردنی پەیوەندیـی گشـتیی لـەو ئەرکـە میدیاییانـەدا، کاریگەریـی هەبێـت لەسـەر توانـای

بەشەکە بۆ سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی تیۆرییە میدیاییەکان و دەرفەتی کەمتری هەبێت بۆ سوودوەرگرتن لەو تیۆرییانە.

## سێیەم – سەرەکیترین ئەرکەکانی پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکان

خشتەی ژمارە (٣) سەرەکیترین ئەرکی بەشی پەیوەندیی گشتیی لە دامەزراوە میدیاییەکاندا

| ئەرک | گۆراو | دووبارەبوونەوە | ٪ | ئاراستە |
|---|---|---|---|---|
| پەیوەندیکردن و پێشوازیکردن لە میوانان | ئەرکی سەرەکییە | ٣٧ | ٪٩٢.٥ | ئەرکی سەرەکییە |
| | ئەرکی لاوەکییە | ١ | ٪٢.٥ | |
| | جێبەجێی ناکات | ٢ | ٪٥ | |

لەبارەی ئەرکەکانی تری بەشی پەیوەندیی گشتیی لە دامەزراوە میدیاییەکاندا پرسیار لە بەرتویژان کرا، زۆرینەیان ئەرکە پرسگەییەکان و پەیوەندیکردن و پێشوازیکردن لە میوانانیان وەکو سەرەکییترین ئەرکی بەشەکە هەڵبژاردووە و زۆرترین کۆدەنگیی لەسەربووە.

ئەرکە پرسگەییەکان و پەیوەندیکردن و پێشوازیکردن لە میوانان لەلایەن ٣٧ بەرتوێژەوە (٪٩٢.٥) بە ئەرکێکی سەرەکیی بەشی پەیوەندیی گشتی دەستنیشانکراوە، دوو بەرتوێژ (٪٥) وتویانە ئەرکی بەشەکە نییە و یەک بەرتوێژیش (٪٢.٥) ئەڵێت ئەرکی لاوەکیی بەشەکەیە، بۆیە ئاراستەی زۆرینەی بەرتوێژان پەیوەندیکردن و پێشوازیکردن لە میوانانیان وەکو ئەرکی سەرەکیی بەشی پەیوەندیی گشتی دەستنیشانکردووە و بەوەش دەرئەکەوێت کە بەشەکە لە جێبەجێکردنی ئەرکە پرسگەرییەکاندا چالاکە.

بەمەش دەرئەکەوێت کە سەرنجی سەرەکیی بەشەکانی پەیوەندیی گشتی لە دامەزراوە میدیاییەکاندا تەنها لەسەر ئەرکە پرسگەییەکان و پەیوەندیکردن و پێشوازیکردنە لە میوانان، کە ئەمەش ئەرکێکی سەرەتایی و سادەی بەشەکەیە و وا ئەکات پەیوەندیی گشتی گرنگییەکی ئەوتۆی لە بەڕێوەبردن و پلاندانان و دیاریکردنی سیاسەتی گشتی و ئەرکە بنەڕەتییەکانی تردا نەبێت.

## چوارەم : پەیوەندیی گشتی و تیۆرییە میدیاییەکان

خشتەی ژمارە (٤) کارکردنی بەشی پەیوەندیی گشتیی بە تیۆرییە میدیاییەکان

| پرسیار | گۆڕاو | دووبارەبوونەوە | ٪ |
|---|---|---|---|
| بەشی پەیوەندیی گشتی کار بە تیۆرییە میدیاییەکان ئەکات؟ | بەڵێ | ١٩ | ٪٤٧.٥ |
| | نەخێر | ٢١ | ٪٥٢.٥ |
| ئاستی سوودوەرگرتنی بەشەکە لە تیۆرییە میدیاییەکان چەندە؟ | هەمیشە | ١ | ٪٥.٣ |
| | زۆرجار | ١١ | ٪٥٧.٩ |
| | هەندێک جار | ٧ | ٪٣٦.٨ |

خشتەی سەرەوە ئاستی کارکردنی بەشی پەیوەندیی گشتیی بە پێوەرە زانستیی و تیۆرییە میدیاییەکان دەرئەخات لە رووی بەرتوێژانی پەیوەندیی گشتییەوە.

١. پەیوەندیی گشتی کار بە پێوەرە زانستییەکانی میدیا و تیۆرییە میدیاییەکان ئەکات؟

٢١ بەرتوێژی پەیوەندیی گشتی (٪٥٢.٥)، کە ئاراستەی زۆرینەیە، ئەڵێن لە کارەکانی بەشی پەیوەندیی گشتیی

دامەزراوەکەدا کار بە پێوەرە زانستییەکانی میدیا و تیۆرییە میدیاییەکان ناکەن، ١٩ بەرتوێژ (٤٧.٥٪) ئەڵێن کار بە پێوەرە زانستییەکانی میدیا و تیۆرییە میدیاییەکان ئەکەن.

٢. ئاستی سوودوەرگرتنی پەیوەندیی گشتی لە تیۆرییە میدیاییەکان چەندە؟

لەو ١٩ بەرتوێژەی کە ئەڵێن پەیوەندیی گشتی کار بە تیۆرییە میدیاییەکان ئەکات، ١١ بەرتوێژیان (٥٢.٤٪) کە ئاراستەی زۆرینەیە، ئەڵێن زۆرجار کار بە تیۆرییەکان ئەکرێت، ٧یان (٣٦.٨٪) ئەڵێن هەندێک جار و یەک بەرتوێژیش (٥.٣٪) ئەڵێت هەمیشە کار بە تیۆرییە میدیاییەکان ئەکرێت لەلایەن بەشی پەیوەندیی گشتییەوە. رای بەرتوێژانی پەیوەندیی گشتی لەبارەی کارکردن و کارنەکردنی بەشەکانیان بە تیۆرییە میدیاییەکان لە یەکەوە نزیکە، بەڵام زۆرینە (٥٢.٥٪) ئەڵێن بەشەکانیان کار بە تیۆرییە میدیاییەکان ناکەن، ئەنجامێک، کە دەرکەوتنی، یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە و لە خشتەکانی دواتریشدا ئەم ئەنجامە بە روونتر دووپات ئەبێتەوە.

## پێنجەم : دامەزراوەی میدیایی و تیۆرییە میدیاییەکان

خشتەی ژمارە (٥) کارکردنی دامەزراوە میدیاییەکان بە تیۆرییە میدیاییەکان

| پرسیار | گۆڕاو | دووبارەبوونەوە | ٪ |
|---|---|---|---|
| دامەزراوە میدیاییەکە کار بە تیۆرییە میدیاییەکان ئەکات؟ | بەڵێ | ٢٢ | ٥٥٪ |
| | نەخێر | ١٨ | ٤٥٪ |
| | کۆی گشتی | ٤٠ | ١٠٠٪ |
| ئاستی سوودوەرگرتنی دامەزراوەکە لە تیۆرییە میدیاییەکان چەندە؟ | هەمیشە | ١ | ٤.٦٪ |
| | زۆرجار | ١٦ | ٧٢.٧٪ |
| | هەندێک جار | ٥ | ٢٢.٧٪ |
| | کۆی گشتی | ٢٢ | ١٠٠٪ |

خشتەی سەرەوە ئاستی کارکردنی دامەزراوە میدیاییەکە بە پێوەرە زانستی و تیۆرییە میدیاییەکان دەرئەخات لە روانگەی بەرتوێژانی پەیوەندیی گشتییەوە، مەبەست لە دەرخستنی ئەو ئاستە، زانینی ئەوەیە کە تاچەند کارکردن و کارنەکردنی پەیوەندییە گشتییەکان بە تیۆرییە میدیاییەکان پەیوەستە بە کارکردن و کارنەکردنی خودی دامەزراوە میدیاییەکان بە تیۆرییە میدیاییەکان.

١. کارکردنی دامەزراوەی میدیایی بە تیۆرییە میدیاییەکان:

٢٢ بەرتوێژی پەیوەندیی گشتی (٥٥٪) کە ئاراستەی زۆرینەیە، ئەڵێن دامەزراوە میدیاییەکەیان کار بە پێوەرە زانستییەکانی میدیا و تیۆرییە میدیاییەکان ئەکات، ١٨ بەرتوێژیش (٤٥٪) ئەڵێن دامەزراوەکەیان کار بە تیۆرییە میدیاییەکان ناکات.

٢. ئاستی سوودوەرگرتنی دامەزراوەی میدیایی لە تیۆرییە میدیاییەکان:

لەو ٢٢ بەرتوێژەی بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، ١٦ بەرتوێژیان (٧٢.٧٪) کە ئاراستەی زۆرینەیە، ئەڵێن زۆرجار دامەزراوە میدیاییەکە کار بە تیۆرییە میدیاییەکان ئەکات، ٥ بەرتوێژ (٢٢.٧٪) ئەڵێن هەندێک جار و بەرتوێژێکیش (٤.٦٪) ئەڵێت هەمیشە دامەزراوە میدیاییەکە کار بە تیۆرییە میدیاییەکان ئەکات.

بەپێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژانی پەیوەندیی گشتی ئەڵێن دامەزراوە میدیاییەکانیان کار بە تیۆرییە میدیاییەکان ئەکەن، تەنها یەک بەرتوێژ ئەڵێت دامەزراوەکە هەمیشە کار بە تیۆرییەکان ئەکات و ئاراستەی

زۆرینـەی ڕەهایـان بـەرەو ئەوەیـە کـە هەندێـک جـار و زۆرجـار دامەزراوەکـە کار بـە تیۆرییـەکان ئـەکات، کەواتـە هاوشـێوەی بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان، لـە دامـەزراوە میدیاییەکانـدا ئەگـەر کار بـە تیۆرییـە میدیاییەکانیـش بکرێـت، بەشـێوەیەکی ناهاوسـەنگ و پچڕپچـڕە، نـەک بـەردەوام.

## شەشەم – پەیوەندیی گشتی و ئەرکە میدیاییەکان

خشتەی ژمارە (٦) ئاستی بەشداریکردنی پەیوەندیی گشتی لە ئەرکە میدیاییەکاندا

| ئەرکی میدیایی | گۆڕاو | دووبارەبوونەوە | ٪ | ئاراستە |
|---|---|---|---|---|
| لە هەڵمەت و رووماڵە هەواڵییەکاندا بەشداری بە پەیوەندیی گشتی ئەکرێت؟ | هەمیشە | ١٥ | ٪٣٧.٥ | هەرگیز |
| | هەندێک جار | ٨ | ٪٢٠ | |
| | هەرگیز | ١٧ | ٪٤٢.٥ | |
| لە ئامادەکردنی بەرنامەکاندا بەشداری بە پەیوەندیی گشتی ئەکرێت؟ | هەمیشە | ١٤ | ٪٣٥ | هەرگیز |
| | هەندێک جار | ١٠ | ٪٢٥ | |
| | هەرگیز | ١٦ | ٪٤٠ | |

خشـتەی سـەرەوە ئاسـتی بەشـدارییپێکردنی بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە جێبەجێکردنـی ئەرکـە میدیاییەکانـدا ڕوونئەکاتـەوە، مەبەسـتیش لـە زانینـی ئاسـتی بەشـداریکردن و بەشـدارییپێکردنی بەشـەکە لـەو ئەرکـە میدیاییانـەدا، پەیوەندیـی بـەوەوە هەیـە کـە تـا بەشـی پەیوەندیـی گشـتی لـەو ئـەرک و کارە میدیاییانـەدا بەشـداریی پێنەکرێـت، توانـا و دەرفەتـی ئـەوەی نابێـت کار بـە تیۆرییـە میدیاییـەکان بـکات، واتـا سـەرەتا پێویسـتە لـەو ئەرکانـەدا بەشـداریی پێبکرێـت، تـا بتوانێـت سـوود لـە تیۆرییـەکان وەربگرێـت.

بـۆ ئـەو مەبەسـتەش هـەردوو ئـەرک و کاری میدیایـی (هەڵمـەت و رووماڵـە هەواڵییـەکان) و (بەرنامـە، وتـار و ڕاگەیەنـدراوە میدیاییـەکان) کراونەتـە پێـوەری بەشـداریکردنی پەیوەندیـی گشـتی.

١. لە هەڵمەت و رووماڵە هەواڵییەکاندا بەشداری بە پەیوەندیی گشتیی ئەکرێت؟

لەبـارەی ئاسـتی بەشـدارییکردن بـە بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییـەکان لـە هەڵمـەت و رووماڵـە هەواڵییـە میدیاییەکانـدا، ١٧ بەرتوێـژ (٪٤٢.٥) کـە ئاراسـتەی زۆرینەیـە، ئەڵێـن هەرگیـز، ١٥ بەرتوێـژ (٪٣٧.٥) ئەڵێـن هەمیشـە و ٨ بەرتوێژیـش (٪٢٠) بـە هەندێـک جـار وەڵامیـان داوەتـەوە.

٢. لە ئامائەکردنی بەرنامەکاندا بەشداری بە پەیوەندیی گشتیی ئەکرێت؟

لـە ئەرکـی میدیایـی ئامائەکردنـی بەرنامـەدا، ١٦ بەرتوێـژ (٪٤٠) کـە ئاراسـتەی زۆرینەیـە ئەڵێـن هەرگیـز بەشـداریی بـە بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییـەکان ناکرێـت، ١٤ بەرتوێـژ (٪٣٥) ئەڵێـن هەمیشـە و ١٠ بەرتوێژیـش (٪٢٥) بـە هەندێـک جـار وەڵامیـان داوەتـەوە.

بـە سـەرنجدان لـە ئەنجامـەکان، دەرئەکەوێـت ئاراسـتەی زۆرینـەی بەرتوێـژان بـەرەو ئەوەیـە کـە پەیوەندیـی گشـتیی لـە دامـەزراوە میدیاییەکانـدا هیـچ یەکێـک لـەو دوو ئەرکـە میدیاییـە جێبەجـێ نـاکات، ئـەم بەشـداریی نەکردنـەش لـە ئەرکـە میدیاییەکانـدا دەرفەتـی گونجـاو و پێویسـت ناهێڵێتـەوە بـۆ بەشـەکە تـا بتوانێـت کار بـە تیۆرییـە میدیاییـەکان بـکات و پشـتیان پـێ ببەسـتێت، بـەو مانایـەی، کاتێـک بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی لـە پرۆسـەکانی هەڵمـەت و رووماڵـی هەواڵیـی، هەروەهـا بەرنامەکانـدا بەشـداریی پـێ نەکرێـت، ناتوانێـت لـە ئەرکـی میدیاییـدا سـوود لـە تیۆرییـە میدیاییـەکان وەرگرێـت و بەکاریـان بهێنێـت.

## حەوتەم : سوودوەرگرتنی پەیوەندیی گشتیی لە تیۆرییە میدیاییەکان

١. سوودوەرگرتن لە تیۆرییە میدیاییەکان لە ئەرکی هەڵمەت و رووماڵی هەواڵیی

خشتەی ژمارە (٧) ئاستی سوودوەرگرتن لە تیۆرییە میدیاییەکان لە ئەرکی هەڵمەت و رووماڵی هەواڵیی

| تیۆری میدیایی | گۆڕاو | دووبارەبوونەوە | ٪ | ئاراستە |
|---|---|---|---|---|
| کاریگەری | هەمیشە | ٢٠ | ٪٥٠ | هەمیشە |
| | هەندێک جار | ٤ | ٪١٠ | |
| | هەرگیز | ١٦ | ٪٤٠ | |
| بەکارهێنان و تێرکردن | هەمیشە | ١١ | ٪٢٧.٥ | هەرگیز |
| | هەندێک جار | ١٢ | ٪٣٠ | |
| | هەرگیز | ١٧ | ٪٤٢.٥ | |
| بایەخبەندی | هەمیشە | ١٧ | ٪٤٢.٥ | هەمیشە |
| | هەندێک جار | ٧ | ٪١٧,٥ | |
| | هەرگیز | ١٦ | ٪٤٠ | |
| پەیوەندی بە دوو قۆناغ | هەمیشە | ٤ | ٪١٠ | هەرگیز |
| | هەندێک جار | ١٦ | ٪٤٠ | |
| | هەرگیز | ٢٠ | ٪٥٠ | |
| تیۆری تر | هەمیشە | ٧ | ٪١٧.٥ | هەرگیز |
| | هەندێک جار | ١٤ | ٪٣٥ | |
| | هەرگیز | ١٩ | ٪٤٧.٥ | |

خشتەی سەرەوە ئاستی سوودوەرگرتنی پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکان لە تیۆرییە میدیاییەکان دەرئەخات لە بەجێگەیاندنی ئەرکی میدیایی هەڵمەت و رووماڵی هەواڵیی میدیایی.

١. لەبارەی ئاستی سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی تیۆری کاریگەرییەوە، ٢٠ بەرتوێژی پەیوەندیی گشتیی (٥٠٪) کە ئاراستەی زۆرینەیە، ئەڵێن هەمیشە سوود لەو تیۆرە وەرئەگیرێت، ١٦ بەرتوێژ (٤٠٪) ئەڵێن هەرگیز سوودی لێ وەرناگیرێت و ٤ بەرتوێژیش (١٠٪) ئەڵێن هەندێک جار سوودی لێ وەرئەگیرێت.

٢. بۆ ئاستی سوودوەرگرتن لە تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن، ١٧ بەرتوێژ (٤٢.٥٪) کە ئاراستەی زۆرینەیە، ئەڵێن هەرگیز سوود لەو تیۆرییە وەرنەگیراوە، ١٢ بەرتوێژ (٣٠٪) ئەڵێن هەندێک جار و ١١ بەرتوێژیش (٢٧.٥٪) ئەڵێن هەمیشە سوود لەو تیۆرییە وەرگیراوە.

٣. لەبارەی ئاستی بەکارهێنانی تیۆری بایەخبەندیی لەلایەن پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکانەوە، ١٧ بەرتوێژ (٤٢.٥٪) کە ئاراستەی زۆرینەیە ئەڵێن هەمیشە سوودی لێ وەرگیراوە، ١٦ بەرتوێژ (٤٠٪) ئەڵێن هەرگیز و ٧ بەرتوێژیش (١٧.٥٪) ئەڵێن هەندێک جار سوود لەو تیۆرییە وەرگیراوە.

٤. بۆ ئاستی سوودوەرگرتن لە تیۆری پەیوەندی بە دوو قۆناغ، ٢٠ بەرتوێژ (٥٠٪) کە ئاراستەی زۆرینەیە بە هەرگیز وەڵامیان داوەتەوە، ١٦یان (٤٠٪) ئەڵێن هەندێک جار و ٤یان (١٠٪) ئەڵێن هەمیشە.

٥. لەبارەی بەکارهێنانی هەر تیۆرییەکی تری میدیایی لەلایەن بەشی پەیوەندیی گشتییەوە لە ئەرکی هەڵمەت

و رووماڵی هەواڵی میدیایی، ١٩ بەرتوێژ (٪٤٧.٥) کە ئاراستەی زۆرینەیە بە هەرگیز وەڵامیان داوەتەوە، ١٤یان (٪٣٥) ئەڵێن هەندێک جار و ٧یان (٪١٧.٥) ئەڵێن هەمیشە.

ئەرکی میدیایی هەڵمەت و رووماڵی هەواڵی، یەکێک بوو لەو ئەرکانەی کە زۆرینەی بەرتوێژانی پەیوەندیی گشتیی لەگەڵ ئەوەدا بوون لە دامەزراوە میدیاییەکاندا بەشداریی بە بەشەکەیان ناکرێت لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە میدیاییەدا، بەو مانایەی لەم ئەرکەدا دەرفەتی زۆر نەبووە بۆ بەشەکانی پەیوەندیی گشتیی کە تیۆرییە میدیاییەکان بەکار بهێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا، بە سەرنجدان لە خشتە و داتاکان و وەڵامی بەرتوێژانی پەیوەندیی گشتیی، دەرئەکەوێت کە بەشی پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکان لە ئەرکی هەڵمەت و رووماڵی هەواڵی میدیایی، ئەگەر بەشدارییان پێ کرابێت، زیاتر سوودیان لە هەردوو تیۆری کاریگەریی و بایەخبەندیی وەرگرتووە و، ئاراستەی زۆرینە لە بەکارهێنانی ئەو تیۆرانەدا بەرەو هەمیشەیە، لە بەرامبەردا ئاستی بەکارهێنانی تیۆرییەکانی بەکارهێنان و تێرکردن و پەیوەندی بە دوو قۆناغ و هەر تیۆرییەکی تری میدیایی کەمترە و ئاراستەی زۆرینە تیایاندا بەرەو هەرگیزە.

## ٢. سوودوەرگرتن لە تیۆرییە میدیاییەکان لە بەرنامەکاندا

خشتەی ژمارە (٨) ئاستی سوودوەرگرتن لە تیۆرییە میدیاییەکان لە بەرنامەدا

| تیۆری میدیایی | گۆڕاو | دووبارەبوونەوە | ٪ | ئاراستە |
|---|---|---|---|---|
| کاریگەری | هەمیشە | ٢٢ | ٪٥٥ | هەمیشە |
| | هەندێک جار | ٤ | ٪١٠ | |
| | هەرگیز | ١٤ | ٪٣٥ | |
| بەکارهێنان و تێرکردن | هەمیشە | ١٢ | ٪٣٠ | هەرگیز |
| | هەندێک جار | ١١ | ٪٢٧.٥ | |
| | هەرگیز | ١٧ | ٪٤٢.٥ | |
| بایەخبەندی | هەمیشە | ١٧ | ٪٤٢.٥ | هەمیشە |
| | هەندێک جار | ٨ | ٪٢٠ | |
| | هەرگیز | ١٥ | ٪٣٧.٥ | |
| پەیوەندی بە دوو قۆناغ | هەمیشە | ٨ | ٪٢٠ | هەرگیز |
| | هەندێک جار | ١٢ | ٪٣٠ | |
| | هەرگیز | ٢٠ | ٪٥٠ | |
| تیۆری تر | هەمیشە | ٥ | ٪١٢.٥ | هەرگیز |
| | هەندێک جار | ١٥ | ٪٣٧.٥ | |
| | هەرگیز | ٢٠ | ٪٥٠ | |

خشتەی سەرەوە ئاستی سوودوەرگرتنی پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکان لە تیۆرییە میدیاییەکان دەرئەخات لە ئەرکی ئامادەکردنی بەرنامەکاندا.

١. لەبارەی ئاستی سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی تیۆری کاریگەرییەوە، ٢٢ بەرتوێژی پەیوەندیی گشتیی (٥٥٪) کە ئاراستەی زۆرینەیە، ئەڵێن هەمیشە سوود لەو تیۆرە وەرئەگیرێت، ١٤ بەرتوێژ (٣٥٪) ئەڵێن هەرگیز سوودی لێوەرناگیرێت و ٤ بەرتوێژیش (١٠٪) ئەڵێن هەندێک جار سوودی لێ وەرئەگیرێت.

٢. بۆ ئاستی سوودوەرگرتن لە تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن، ١٧ بەرتوێژ (٤٢.٥٪) کە ئاراستەی زۆرینەیە، ئەڵێن هەرگیز سوود لەو تیۆرییە وەرنەگیراوە، ١٢ بەرتوێژ (٣٠٪) ئەڵێن هەمیشە و ١١ بەرتوێژیش (٢٧.٥٪) ئەڵێن هەندێک جار سوود لەو تیۆرییە وەرگیراوە.

٣. لەبارەی ئاستی بەکارهێنانی تیۆری بایەخبەندی لەلایەن پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکانەوە، ١٧ بەرتوێژ (٤٢.٥٪) کە ئاراستەی زۆرینەیە ئەڵێن هەمیشە سوودی لێ وەرگیراوە، ١٥ بەرتوێژ (٣٧.٥٪) ئەڵێن هەرگیز و ٨ بەرتوێژیش (٢٠٪) ئەڵێن هەندێک جار سوود لەو تیۆرییە وەرگیراوە.

٤. بۆ ئاستی سوودوەرگرتن لە تیۆری پەیوەندی بە دوو قۆناغ، ٢٠ بەرتوێژ (٥٠٪) کە ئاراستەی زۆرینەیە بە هەرگیز وەڵامیان داوەتەوە، ١٢یان (٣٠٪) ئەڵێن هەندێک جار و ٨یان (٢٠٪) ئەڵێن هەمیشە.

٥. لەبارەی بەکارهێنانی هەر تیۆرییەکی تری میدیایی لەلایەن بەشی پەیوەندیی گشتییەوە لە ئەرکی ئامائەکردنی بەرنامە، نووسینی وتار و بڵاوکراوە و ڕاگەیەندراوە میدیاییەکاندا، ٢٠ بەرتوێژ (٥٠٪) کە ئاراستەی زۆرینەیە بە هەرگیز وەڵامیان داوەتەوە، ١٥یان (٣٧.٥٪) ئەڵێن هەندێک جار و ٥یان (١٢.٥٪) ئەڵێن هەمیشە.

ئەرکی میدیایی ئامائەکردنی بەرنامە، بەهەمان شێوە یەکێک بوو لەو ئەرکە میدیاییانەی کە زۆرینەی بەرتوێژانی پەیوەندیی گشتیی لەگەڵ ئەوەدا بوون لە دامەزراوە میدیاییەکاندا بەشداریی بە بەشەکەیان ناکرێت لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە میدیاییەدا، بەو مانایەی لەم ئەرکەدا دەرفەتی زۆر نەبووە بۆ بەشەکانی پەیوەندیی گشتیی تا تیۆرییە میدیاییەکان بەکاربهێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا، بە سەرنجدان لە داتاکان و وەڵامی بەرتوێژانی پەیوەندیی گشتیی، دەرئەکەوێت کە بەشی پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکان لە ئەرکی ئامادەکردنی بەرنامەکاندا زیاتر سوودیان لە هەردوو تیۆریی کاریگەریی و بایەخبەندیی وەرگرتووە و ئاراستەی زۆرینەی بەرتوێژان لە بەکارهێنانی ئەو دوو تیۆرە بەرەو هەمیشەیە، لە بەرامبەردا ئاستی بەکارهێنانی تیۆرییەکانی بەکارهێنان و تێرکردن و پەیوەندی بە دوو قۆناغ و هەر تیۆرییەکی تری میدیایی کەمترە و ئاراستەی زۆرینە تیایاندا بەرەو هەرگیزە.

بە سەرنجدان لە داتای خشتەکانی ٦ و ٧ و لە ئەنجامی وەڵامی بەرتوێژانی پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکان، دەرئەکەوێت کە بەشەکە لە هەموو ئەرکە میدیاییەکاندا سەرنجی زیاتری لەسەر تیۆریی میدیایی کاریگەرییە و لە هەموو ئەرکەکاندا زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە، کە ئەکرێت ئاماژە بێت بۆ ویستی دامەزراوە میدیاییەکان و بەشەکانی پەیوەندیی گشتیی بۆ دروستکردنی زۆرترین کاریگەری لەسەر جەماوەر، لە بەرامبەردا تیۆرییە میدیاییەکانی تر کەمتر بەکارهاتوون، بەتایبەت پەیوەندی بە دوو قۆناغ لە هیچ ئەرکێکی میدیاییدا ئاراستەی زۆرینە لەگەڵ ئەوەدا بووە کە بەکار نایەت، ئەمەش پێچەوانەی سرووشتی کاری پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکانە، کە سەرنجیان زیاتر لەسەر بەشداریپێکردنی میوانانی پسپۆڕ و سەرکردەکانی را و سیاسییەکان و نوێنەرانی جەماوەرە لە شیکردنەوە و گەیاندنی هەر رووداو و پەیامێکی دیاریکراو.

# دەرئەنجام

لـە چوارچێـوەی ئـەو ئامانجانـەی بـۆ توێژینـەوە زانسـتییەکە دیاریکرابـوون و ئـەو ئەنجامانـەی خرانـەڕوو، توێـژەر گەیشـتووەتە چەنـد دەرەنجامێـک، لەوانـە :

١. بەشـی پەیوەندیـی گشـتی لـە دامـەزراوە میدیاییەکانـدا ئەرکـە میدیاییـەکان جێبەجـێ نـاکات و زۆرینـەی بەرتوێـژان ئەڵێـن بەشـەکە بەشـدار نییـە لـە هیـچ یەکێـک لـە پرۆسـەکانی (پێشـنیازکردنی بابـەت و پرسـی میدیایـی ٤٢.٥٪، بەشـدارییکردن لـە درووسـتکردن و بەرهەمهێنانـی نـاوەڕۆک و پەیامـی میدیایـی ٥٢.٥٪، بەشـداریکردن لـە دانانـی پلانـە میدیاییـەکان ٤٥٪، توێژینـەوە لەسـەر ئاراستە و حـەز و پێداویستییەکانی جەمـاوەر ٥٥٪ و هەروەهـا کاریگەریـی پەیـام و ناوەڕۆکـە میدیاییەکانـی دامـەزراوە٤٠٪)، هەروەهـا هـەردوو ئەرکـی (هەڵمـەت و رووماڵـی میدیایـی) ٤٢.٥٪ و (بەرنامـە) ٤٠٪.

توێـژەر پێـی وایـە هـۆکاری سـەرەکیی ئـەو بەشـداریی نەکردنـە لـە ئەرکـە میدیاییەکانـدا، بـۆ ئـەوە ئەگەڕێتـەوە کـە سـەرنجی سـەرەکیی بەشـەکانی پەیوەندیـی گشـتیی لـە دامـەزراوە میدیاییەکانـدا لەسـەر ئەرکـە پرسـگەییەکانە، نـەک ئەرکـە میدیاییـەکان، وەک ئـەوەی ٩٢.٥٪ی بەرتوێـژان دووپاتیـان کردووەتـەوە، ئەمـە جگـە لـەوەی خـودی دامـەزراوە و کەناڵـە میدیاییەکانیـش بەشـەکە پابەنـد ناکـەن بـە کارکـردن لـە چوارچێـوەی ئەرکـە میدیاییەکانـدا و هیـچ بەشـدارییەکی میدیایـی بـە پەیوەندیـی گشـتیی ناکـەن، بۆیـە دەرفەتـی کـەم بـۆ بەشـەکە درووسـت ئەبێـت لـە بەشـدارییکردن لـە درووسـتکردن و بەرهەمهێنانـی نـاوەڕۆک و پەیامـە میدیاییەکانـدا.

٢. لەبـارەی توانـای بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکانی دامـەزراوە میدیاییـەکان لـە سـوودوەرگرتن و بەکارهێنانـی تیۆرییـە میدیاییـەکان لـە بەجێگەیاندنـی ئەرکـە میدیاییەکانـدا، بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی لـە ئەرکـە میدیاییەکانـدا وەک پێویسـت سـوود لـە تیۆرییـە میدیاییـەکان وەرناگـرن، بـەو پێیـەی ئاراسـتەی زۆرینـەی بەرتوێژانـی پەیوەندیـی گشـتیی ٥٢.٥٪ بـەرەو ئەوەیـە کـە سـوود لـە تیۆرییـە میدیاییـەکان وەرناگـرن لـە بەجێگەیاندنـی ئەرکـە میدیاییەکانـدا، تەنانـەت ئـەو بەرتوێژانـەش کـە ئەڵێـن بەشـەکە کار بـە تیۆرییـە میدیاییـەکان ئـەکات، تەنهـا یـەک بەرتوێـژ ٥.٣٪ ئەڵێـت هەمیشـە کار بـە تیۆرییـەکان ئەکرێـت، زۆرینەیـان ئەڵێـن بەشـەکە هەندێـک جـار و زۆرجـار کار بـەو تیۆرانـە ئـەکات، بـەو مانایـەی ئەگـەر پەیوەندیـی گشـتیی کار بـە تیۆرییـە میدیاییەکانیـش بـکات، بەشـێوەیەکی ناهاوسـەنگ و پچرپچـڕە، نـەک بـەردەوام.

بـەڕای توێـژەر، بەشـدارییی نەکردنـی بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە ئەرکـە میدیاییـەکان و کاری میدیایـی رۆژانـەی بەشـەکانی تـردا، هۆکارێکـی سـەرەکییە بـۆ ئـەوەی بەشـەکە دەرفـەت و توانـای نەبێـت بـۆ سـوودوەرگرتن و بەکارهێنانـی تیۆرییـە میدیاییـەکان.

٣. خـودی کەنـاڵ و دامـەزراوە میدیاییـەکان، ئاسـتی بەکارهێنـان و سـوودوەرگرتنیان لـە تیۆرییـە میدیاییـەکان لـە ئاسـتێکی مامناوەنددایـە و کۆڕایـی لەنێـوان بەرتوێژانـدا نییـە لەبـارەی بەکارهێنان و پشتبەسـت بە تیۆرییـە میدیاییەکان لەلایـەن دامـەزراوە میدیاییەکانـەوە، ٥٥٪ ئەڵێـن دامـەزراوە میدیاییـەکان سـوود لـە تیۆرییـە میدیاییـەکان وەرئەگـرن، بۆیـە ئەکرێـت شـێوازی کاری دامـەزراوە میدیاییـەکان (وەکـو گشـت - کل) و ئاسـتی پابەندبـوون و کارکردنیـان بـە پێـوەرە زانسـتییەکان و تیۆرییـە میدیاییـەکان، کاریگەریـی هەبێـت لەسـەر ئـەوەی خـودی بەشـەکانی پەیوەندیـی گشـتیی (وەکـو بـەش - جـزء) پابەنـد نەبـن بـە کارکـردن بـە تیۆرییـەکان.

٤. زۆرینـەی بەرتوێـژان و کارمەندانـی بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی دامـەزراوە میدیاییـەکان (٦٧.٥٪) بڕوانامەیـان لـە

زانستەکانی راگەیاندن و پەیوەندیی گشتیدا نییە، ئەکرێت ئەمە هۆکاربێت بۆ کەمیی زانیاریی بەرتوێژان لەبارەی تیۆرییە میدیاییەکانەوە و لەوێشەوە نەبوونی توانای بەکارهێنانی ئەو تیۆرییانە لە ئەرکە میدیاییەکاندا.

## راسپاردە

بە بەهەندوەرگرتن و تێگەیشتن لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر کۆمەڵێک راسپاردە بۆ بەشی پەیوەندیی گشتیی دامەزراوە میدیاییەکان و خودی دامەزراوەکان ئەخاتەڕوو، کە جێبەجێکردنیان ئەبێتە هۆی بەشدارییەکی کاراتری پەیوەندیی گشتیی لە جێبەجێکردنی ئەرکە میدیاییەکاندا.

١. دامەزراوە میدیاییەکان و بەشەکانی تر، بەشداریی زیاتر بە بەشی پەیوەندیی گشتیی بکەن لە ئەرکە میدیاییەکان و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک و پەیامی میدیاییدا، کە ئەکرێت لەسەر چەند ئاستێک ئەم بەشدارییە رەنگبداتەوە:

أ: بەشدارییکردن بە بەشی پەیوەندیی گشتیی لە دانانی پلانە میدیاییەکانی دامەزراوە و کەناڵە میدیاییەکان (کورتخایەن، مامناوەند، درێژخایەن) و بوونی بەشەکە بە بەشێک لە لایەنی جێبەجێکاری پلانەکان.

ب: بەشداریکردن بە بەشی پەیوەندیی گشتیی لە دانانی پلانی بەشەکانی تری دامەزراوە و کەناڵە میدیاییەکان (کورتخایەن، مامناوەند، درێژخایەن).

ج: بەشەکانی تری دامەزراوە میدیاییەکان بەشداریی زیاتر بە پەیوەندیی گشتیی بکەن لە کارەکانی رۆژانە و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک و پەیامی میدیایی، ئەویش لە رێگەی روونکردنەووەی پلانی کاری رۆژ و وەرگرتنی پێشنیازەکانی بەشی پەیوەندیی گشتیی لەبارەی چۆنێتیی کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی پلانی رۆژ، یان کارکردن لەسەر هەر بابەت و رووداوێکی تری میدیایی کە لەلایەن بەشی پەیوەندیی گشتییەوە بۆ بەشەکان پێشنیاز ئەکرێت.

٢. بۆ ئەوەی بەشداریپێکردنی پەیوەندیی گشتیی لە ئەرکە میدیاییەکانی دامەزراوە میدیاییەکاندا کاراتر بێت، پێویستە خودی بەشی پەیوەندیی گشتیی دەستپێشخەریی میدیایی بۆ بەشەکانی تر هەبێت، کە ئەکرێت لەسەر چەند ئاستێک بێت:

أ: رۆژانە بیرۆکەی کار بدات بە بەشەکان تا لە پلانی کاری رۆژانەدا جێیان بکرێتەوە، پێشنیازی کارکردن لەسەر هەر هەواڵ و رووداوێکی دیاریکراو بکات، کە ئەکرێت بەشەکان بەهەندیان وەرنەگرتبێت، یان درکیان پێ نەکردبێت.

ب: پێش پرۆسەکانی پلاندانان، بەتایبەت پلانی مامناوەند و درێژخایەن، بەشی پەیوەندیی گشتی توێژینەوە لەبارەی حەز و خواست و ئاراستەکانی جەماوەر بکات، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی پلانە میدیاییەکاندا جێگەیان بکرێتەوە و ببنە هۆکاری دەستخستنی سەرنج و رەزامەندیی جەماوەر.

ج: ئەکرێت بەشی پەیوەندیی گشتیی، توێژینەوە لەبارەی ئاستی کاریگەریی پەیام و کارە میدیاییەکانی کەناڵ و دامەزراوە میدیاییەکە بکات و ئاستی رەزامەندیی جەماوەر لە کارەکانی کەناڵەکە دەربخات، خاڵە بەهێز و لاوازەکان دیاری بکات و دواتر لە پلانەکانی داهاتوودا کاریان لەسەر بکرێت.

٣. بۆ ئەوەی ئەو بەشدارییە میدیاییەی بەشی پەیوەندیی گشتیی باشتر و کاراتر بێت، پێویستە بەرپرس و کارمەندانی بەشەکە لەڕووی توانا و کارامەیی میدیاییەوە ئاستیان بەرزتر بکرێتەوە و دەستپێشخەرییە میدیاییەکانیان لە ئاستێکدا بێت، کە مایەی قبووڵکردن بن و کاری کەناڵ و دامەزراوە میدیاییەکە باڵاتر بکەن.

## المستخلص

هـذا البحـث عمـل عـلى اظهـار مسـتوى اسـتفادة العلاقـات العامـة فـى القنـواة الاعلاميـة مـن النظريـات الاعلاميـة فـى الواجبـات الاعلاميـة، بهـدف اظهـار مـدى مشـاركة العلاقـات العامـة فـى الواجبـات الاعلاميـة و انتـاج الرسـائل و المـواد الاعلاميـة و مـن هنـا مـدى اسـتخدام النظريـات الاعلاميـة مـن قبـل القسـم.

البحـث مـن النـوع (الكمـى) و منهجـه (المسـح)، تـم اسـتخدام العينـة اللاعشـوائية القصديـة و ٤٠ شـخص مـن مسـئولى و موظفـى العلاقـات العامـة اصبحـوا مبحوثـى هـذا البحـث العلمـى مـن القنـوات و المؤسسـات الاتيـة، (كوردسـات، قنـواة NRT، گەلـى كوردسـتان، كوردسـتان TV، كوردسـتان ٢٤، كەركـوک، وار TV، پەیـام، سـپێدە، مكتـب اعـلام الاتحـاد الوطنـى الكردسـتانى، مكتـب اعـلام حـزب الديمقراطـى الكردسـتانى)، وتـم اسـتخدام اسـتمارة اسـتبيان كوسـيلة للحصول عـلى الاجوبـة و البيانـات.

من اهم النتائج التى توصل اليها البحث، هى:

١. ضعـف مسـتوى مشـاركة قسـم العلاقـات العامـة فـى اداء المهـام الاعلاميـة فـى المؤسسـات الاعلاميـة، و جـل تركيـزه عـلى المهـام الاسـتعلاماتية و الاسـتقبال و الاتصـال بالضيـوف.

٢. قسـم العلاقـات العامـة فـى المؤسسـات الاعلاميـة، لا يسـتفيد و لا يسـتخدم بالشـكل المطلـوب النظريـات الاعلاميـة فـى اداء مهامـه الاعلاميـة.


**الكلمات المفتاحية : العلاقات العامة – المؤسسات الاعلامية – النظريات الاعلامية – نظرية التأثير**


## Summary

This research worked to show the level of public relations using the media channel from media theories in media duties, with the aim of showing the extent of public relations participation in media duties and the production of messages and media materials, and from here the extent to which media theories are used by the department.

The boundaries of the research are the Kurdistan region, and its society is the institutions and media channels in the region. ٤٠ people from public relations officials and employees became the subjects of this scientific research from the following channels and institutions, (Kurdsat, NRT channels, KNN, GK, Kurdistan TV, Kurdistan ٢٤, Kerkuk, Waar TV, Payam, Speda, Patriotic Union of Kurdistan Media Office, Kurdistan Democratic Party Media Office), and a questionnaire form was used as a means to obtain answers and data.

Among the most important findings of the research are:

١. The poor level of participation of the Public Relations Department in the performance of media tasks in media institutions, and most of its focus on information tasks, reception and communication with guests.

٢ . The public relations department in media organizations does not benefit from and does not use media theories in the required manner in performing its media duties.


**keywords : public relations - Media institutions - Media theories- influence theory**

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:

کتێب :

١. محەمەدئەمین، ڕێباز عەزیز، کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن، کتێب، چاپخانەی هێڤی – هەولێر، ٢٠٢٢

٢. حەمەسەعید، نەزاکەت، سۆسیۆلۆژیای ڕاگەیاندن، کتێب، چاپخانەی کارۆ، هەرێمی کوردستان، ٢٠١٩

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

کتێب :

١. المشاقبة، بسام عبد الرحمن، نظريات الاتصال، كتاب، دار أسامة للنشر و التوزيع، عمّان – الأردن، ٢٠١٥.

٢. الجرايدة، بسام عبدالرحمن، ادارة اللعلاقات العامة، كتاب، دار اسامة، الاردن، ٢٠١٣

٣. مكاوى، حسن عماد و السيد، ليلى حسين، الاتصال و نظرياته المعاصرة، كتاب، مكتبة عين الشمس، القاهرة، ١٩٩٨

٤. رشوان، حسين عبدالحميد احمد، العلاقات العامة و الاعلام من منظور علم الاجتماع، كتاب، مكتب جامعى الحديث، الاسكندرية – مصر، ٢٠٠٣

٥. الجبالى، حمزة، ادارة الاخبار و اللعلاقات العامة، كتاب، دار عالم الثقافة، الاردن، ٢٠١٦

٦. اسماعيل، محمود حسن، نظريات الاعلام، كتاب، المكتب المصرى للمطبوعات، سويس – مصر، بێ ساڵی دەرچوون

٧. البطريق، غادة، الاعلام الدولى و العولمة، كتاب، دار خواريزم العلمية، مصر ، ٢٠١٧

٨. غريب، غريب عبدالسميع، الاتصال و العلاقات العامة فى المجتمع المعاصر، كتاب، مؤسسة شباب الجامعة، قاهرة، ٢٠٠٤

٩. الفتلاوى، ماجد جبار و الجبورى، على عبودى نعمة، ادارة و تخطيط العلاقات العامة، كتاب، دار الصفاء، الاردن، ٢٠١٦

١٠. الكشك، محمد بهجت موسى، العلاقات العامة و الخدمة الاجتماعية، كتاب، مكتب جامعى الحديث، السعوديه – مكة المكرمة، ٢٠١٠.

١١. عبدالحميد، محمد، النظريات الاعلامية و اتجاهات التأثير، كتاب، عالم الكتب، قاهرة – مصر، ٢٠٠٤

١٢. عزت، محمد فريد، ادارة المؤسسات الاعلامية، كتاب، دار العربى للنشر و التوزيع، مصر – القاهرة، ١٩٩٤

١٣. ابو الحسن، منال، اساسيات علم الاجتماع الاعلامى، كتاب، دار النشر للجامعات، مصر، ٢٠٠٧

١٤. حسونة، نسرين، نظريات الاعلام و الاتصال – نظريه الاجندة و نظرية تحليل الاطار الاعلامى، كتاب، قاهرة – مصر، ٢٠١٥

١٥. الضلاعين، نضال فلاح و اخرون، نظريات الاتصال و الاعلام الجماهيرى، كتاب، دار الاعصار، عمان – اردن، ٢٠١٦

١٦. الحربى، هباس رجاء، العلاقات العامة و الادارة العليا، كتاب، دار اسامة للنشر و التوزيع، عمان – الاردن، ٢٠١٢.

وەرگێڕان :

١. دی فلـور، میلفـن و دوکنیـچ، سـاندرا، نظریـات وسـائل الاتصـال، ترجمـة : کـمال عبدالـرووف، کتـاب، الـدار الدولیـة للنـشر و التوزیـع، القاهـره، ١٩٩٣

نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا :

١. محمـد، عبـاس ابکـر، ادارة العلاقـات العامـة في مؤسسـات القطـاع العـام، رسـالة ماجسـتیر، جامعـة امدرمـان – کلیـة الاعـلام، سـودان، ٢٠٠٥

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

کتێب :

1. Sh.Lowery and M.L Defleur, Milestones in mass Communication Research, Book, New York, Longman, 1983.

2. W.Schramm, Men, Massage and media, Book, New York, Harper and row publishers, 1973.